# كەسایەتی عەبدولكەریم قاسم لە نێوان گوتاری نەتەوەیی و كۆمۆنیستیدا

**سوزان كريم مصطفى**

بەشی مێژوو، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** Suzan.mustafa@univsul.edu.iq

**پوختە:**

لە شـــۆڕشو ڕاپەڕینەكـانی مێژوودا، هەمیشـــە تـاك یـاخود ســـەركردە ڕۆڵێكی بـاڵاتری لە تەواوی هەڵسوڕێنەرانی ڕەورەوەی ڕووداوەكان پێدراوە، هەمیشە سەركردەكان وەك پاڵەوان لەمێژوودا ناسێندراونو تەواوی فاكتەرەكانی ســـەركەوتنو شـــكســـت ڕووبەڕووی ئەوان كراونەتەوە، لە زۆربەی كۆمەڵگەكانیشـــدا هەمیشە كەسێك یان چەند كەسێك دەركەوتوونو هەژموونی خۆیان بەسەر تەواوی كایە سیاسیو ئابووری ڕۆشـــنبیرییەكانی وڵاتدا ســـەپاندووە، ئەمەش فاكتەری بە خود كردنی مێژوو، یاخود پاوانكردنی مێژووە. لەكاتێكدا دەســـتكەوتەكانی مێژوو بەتەنیا بۆ ســـەركردەیەك و پاڵەوانێك ناگەڕێتەوە، كۆی بەشـــداربووانی پرۆســـەی گۆڕانكاری ڕۆڵو كاریگەرییان بەســـەر ئاڕاســـتەی ڕوداوەكانەوە هەیە، لە كۆمەڵگەی عێراقیدا ئەمە بەتەواوی دەردەكەوێتو هەمیشـــە خولیای دروســـتكردنی تاك ســـەركردەیی لە ئارادایە، پێدانی ڕۆڵێكی زیاترو گەورەكردنو پیاهەڵدانی زیاد لە پێویســـت، ســـەركردە شـــۆڕشـــگێرەكانی دوێنێی بەرەو هەڵدێرو تاكڕەویو دیكتاتۆری بردووە.

عەبدولكەریم قاسـم نموونەی ئەو سـەركردانەیە كە لە عێراقدا لە شـۆڕشـگێرەوە بەرەو دیكتاتۆری هەڵدێرا، لەكاتێكدا خەڵكی بە ئومێدەوە لێیان دەڕوانیو بە وەرچەرخێنەری مێژوو پێناسە دەكرا، ئەوەی ئەم كەسایەتیەی بەم دەردە برد ململانێی نێوان پارتە ســـیاســـیو فشـــارە نێودەوڵەتییەكان بوو، كە ڕۆڵیان لە بەلاڕێدا بردنی ڕاســـتییە مێژووییەكان هەبوو، ئەم توێژینەوەیە دەروازەیەكە بۆ ناســـاندنی كەســـایەتی عەبدولكەریم قاســـم لەڕوانگەی نەیارانییەوە. لەم توێژینەوەیەدا لە دوو تەوەر باســـمان لە ســـەرەتای پەیوەندییەكانی عەبدولكەریم قاسـم لەگەڵ پارتە سـیاسـیەكانو تێڕوانینی پارتە نەتەوەییو كۆمۆنیسـتیەكان بەرامبەر بە عەبدولكەریم قاسـم كردووە، بە پشت بەستن بە چەندین سەرچاوەی ڕەسەنو جیاواز لە ڕووی ئایدیۆلۆژیاوە.

**كلیلە وشەكان:** پارت، شۆڕشی تەمموز، عەبدولكەریم قاسم، شیوعی، ئەفسەرە ئازادیخوازەكان.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## پێشەكی:

شـۆڕشـی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ قۆناغێكی نوێی لە مێژووی گەلانی عێراقدا هێنایە كایەوە، ئەم شـۆڕشـە بووە جێی ئومێدی تەواوی گەلانی عێراق‌و بەدەروازەی گۆڕانكارییە سـیاسـی‌و ئابوورییەكانیان لەقەڵەم دەدا، شـــۆڕشـــی ١٤ی تەمموز كۆمەڵێك دەســـتكەوتی گرنگی بۆ گەلانی عێراق هێنایە پێش، بەڵام لەهەمان كاتدا دەرفەتیشـی دایە دەسـت چەند هێزێكی سـیاسـی لە پێناو پاوانكردنی دەسـەڵات‌و قۆرخكاری‌و هێنانە پێشـی ململانێیەكی سـیاسـی ئاڵۆز لە نێوان ڕەوتە سـیاسـیەكاندا، ئەمەش ڕۆڵ و كاریگەری لە پێگەی كەسـایەتی عەبدولكەریم قاسـم وەك كەسـی یەكەمی دەسـەڵات هەبوو. كەسـایەتی قاسـم كەوتە بەر نەشـتەری كۆمەڵێك تۆمەتی وەك لایەنگری چەند پارتێك‌و بەكرێ گیراوی وڵاتانی دەرەكی، تەنانەت تۆمەتی شـێتیشـی خرایە پاڵ، دواتریش لەسـەر دەسـتی هاوڕێ بەعسـییەكانی لە ١٩٦٣ كوژراو تەرمەكەی تا ئێسـتاش بە نادیاری ماوەتەوە. هەرچەندە قاسـم نەیتوانی بالانسـی سـیاسـی نێوان پارتە سـیاسـییەكان ڕابگرێت، بەڵام ململانێی نێوان پارتە نەتەوەیی‌و كۆمۆنیســتییەكان زیاتر دەرفەتی شــكســتی لەڕێی قاســمدا كردەوەو بەلاڕێیدا برد. جگە لەمە هۆكارێكی تر كە چارەنوسی قاسمی بەو ئاڕاستەیەدا برد، میكانزمی ئەو گۆڕانكارییە بوو كە ناوبراو بە ناوی شـۆڕش لە ١٤ ی تەمموزی ١٩٥٨ لەگەڵ هاوڕێ سـەربازەكانی ئەنجامی دا، مێژوو ئەوەی سـەلماندووە هیچ گۆڕانكارییەك لە سـیسـتەمی دەسـەڵات لە ڕێگای بە كارهێنانی هێزی سـەربازی سـەركەوتوو نابێت، عەقڵی سەربازی توانای بەڕێوەبردنی وڵاتی نابێت.

لەكاتێكدا قاســـم ســـەربە هیچ گروپ‌و پارت‌و دەوڵەتێكی دەرەكی نەبوو، هەســـتی نەتەوایەتی بۆ عێراق لەسـەرووی هەموو شـتێكەوە بوو، شـكسـتی لە بەكارهێنانی سـیاسـەتێكی عەقڵانی‌و تەكنیك‌و دبلۆماسـیەتێكی ســـەركەوتووانە بووە هۆكاری دژایەتییەكی زۆری ناوخۆیی‌و دەرەكی، جیاوازی نەكردن لە نێوان دۆســـت و دوژمنانیدا زیاتر دەرفەتی شـــكســـتی بۆ هێنایە پێش، ئەمانەو چەندین هۆكاری تر وایكرد ســـەردەمەكەی بە سەردەمێكی پڕ ململانێ‌و ئاشوب بناسرێت، كە لەم توێژینەوەیەدا تیشكی خراوەتە سەر.

ئامانج لە نووســینی ئەم توێژینەوەیە، خســتنەڕووی بەشــێك لەو ڕاســتیە مێژووییانەیە كە لەدیدی پارتە نەتەوەیی‌و كۆمۆنیستی‌و تەنانەت بێلایەنەكانەوە لەسەر كەسایەتی قاسم خراونەتەڕوو.

گرنگی توێژینەوەكە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە كە ئەم كەسـایەتیە زۆرترین قسـەو كێشـمەكێشـی سـیاسـی لە نێوان دۆست‌و نەیارەكانیدا هێناوەتە ئاراوە، ئەم كەسـایەتییە كتێب‌و نووسـینی زۆری لە بارەوە بڵاوكراوەتەوە، هەر كەسـەو لە گۆشـە نیگای خۆیەوە ئەم بابەتەی خستۆتە بەر باس‌و لێكۆڵینەوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكە بۆ خستنەڕووی لایەنە دروست‌و ناكۆكەكان لە پێكهاتەی كەسایەتی قاسمدا.

میتۆدی لێكۆڵینەوەی مێژوویی دەبێت پشـت بە میتۆدێكی زاسـتی شـیكاری ببەسـتێت بۆ بەئەكادیمی كردنی نووسینەوە مێژووییەكان، ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی شیكاری- مێژوویی بەستووە.

توێژینەوەكە لە دوو تەوەرەی ســـەرەكی پێك هـاتووە، كە تەوەرەی یەكەم تـایبەتە بە پەیوەنـدی پـارتە ســـیاســـیەكان بە ئەفســـەرانی ئازادیخوازو هەڵوێســـتیان بەرامبەر شـــۆڕش١٤ی تەمموزو، پەیوەندی پارتە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

سیاسیەکان بەعەبدولکەریم قاسمەوە پێش شۆڕشی ١٤ی تەمووز، تەوەرەی دووەم تایبەتە بە دیدگای پارتە نەتەوەیی‌و کۆمۆنیستیەکان بۆ کەسایەتی عەبدولکەریم قاسم، لە کۆتایشدا کۆی توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێک خراوەتەڕوو.

سەرچاوەکانی توێژینەوەکە تێکەڵەیەکە لە کۆمەڵێک سەرچاوەی ڕەسەن، لەوانە بەشێک لە یاداشتی سیاسییەکان کە خۆیان لە نێو ڕووداوە مێژووییەکاندا ژیاون، وەک (محمد حديد: مذكراتي، الصراع من اجل الديمقراطية في العراق، مسعود بارزانی: بارزانیو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، سيف الدين الدوری: علي صالح السعدي، نائب رئيس الوزراء و وزير الداخلية و سلطة البعث الاولى في العراق ١٩٦٣) هەروەها وتەکانی عەبدولکەریم قاسم کە لە کۆبوونەوە جیاوازەکاندا خستونیەتیەڕوو، (ماجد شبر: خطب الزعيم عبدالكريم قاسم ١٩٥٨– ١٩٥٩، مباديء الثورة ١٤ تموز في خطب ابن البار الزعيم عبدالكريم قاسم ١٩٥٩) هەروەها بەشێکی زۆری سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبیو کوردی لەبارەی شۆڕشو کەسایەتی عەبدولکەریم قاسمەوە لە دیدی نوسەرە بیانیو عەرەبییەکانەوە نووسراون، وەک(فیبی مار: مێژووی نوێی عێراق، د.طه ناجي: ثورة العراق المجيدة ١٤ی تموز ١٩٥٨ و الرهان علي العسكر، د. فاضل محمد حسين البدراني: الفكر القومي لدى الاحزاب و الحركات السياسية في العراق ١٩٤٥– ١٩٥٨، هادی حسن عليوي: الاحزاب السياسية فی العراق السرية و العلنية، خلدون ساطع الحصری: ثوره ١٤ تموز و حقيقة الشيوعيين في العراق).

## تەوەرەی یەکەم:

## پەیوەندی پارتە سیاسیەکان بە ئەفسەرانی ئازادیخوازو هەڵوێستیان بەرامبەر شۆڕشی١٤ی تەمووز

لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو زاراوەیەی ناویان نا شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، ئەو پرسیارە دێتە ئارا، ئایا ئەوەی ڕوویدا شۆڕش بوو؟ یاخود کودەتایەکی سەربازی؟ هەرچەندە ئەم دەستەواژەیە جیاوازی بۆچوونی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوەو هەندێک بە شۆڕشو هەندێکی دیکەش بە کودەتای سەربازی ناوی دەبەن، بەشێوازێکی گشتی ئەوەی لە عێراقدا ڕوویدا، کودەتایەکی سەربازی بوو، بەڵام پشتگیریەکی بەرفراوانی نەتەوەیی بەدەستهێنا،( یاسین، ٢٠١٥: ٢٠٩)، چونکە لە ناو کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو ئەنجامدرا. هەرئەمەش وایکرد وەک شۆڕشێکی سەرتاسەری بناسرێتو ناوی شۆڕشی لەخۆگرت. لەمبارەیەوە ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی (مەکسیم رۆدنسۆن) پێی وابوو کە شۆڕشی عێراق تەنها شۆڕشە لە جیهانی عەرەبیدا".(حسین، ٢٠٠٧: ١٨ ) هەر بۆیە عێراقییەکان لە مانگی تەممووزی هەموو ساڵێکدا ئەم یادە بەرز ڕادەگرن، کە گۆڕانکاری ڕیشەیی لە بارودۆخی عێراقدا دروست کرد، لە هەمووی دیارتر گۆڕینی ڕژێمی حوکمڕانی بوو لە پاشایەتییەوە بۆ کۆماریو دەرباز بوونی عێراق لە هاوپەیمانێتیە سەربازییەکانی وەک پەیماننامەی بەغدادو کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە عێراقو هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتننامەی ئاسایش لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەهەمان کاتدا دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت کە لە سەردەمی نوری سەعیدەوە کۆتایی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

پێهاتبوو. (العگيلي، ٢٠١٣: ١٧) هەرچەندە ئەم شۆڕشە بۆ چاكسازیو نوێكردنەوەی عێراق نەخشەكێش كرابوو، بەڵام لە جیاتی ئەمە دە ساڵێك نا ئارامیو دیكتاتۆریەتی سەربازی لەگەڵ خۆیدا هێنا. (مار، ٢٠١٠: ١٣١).

ئەم شـۆڕشــە لە دەرەنجامی كۆمەڵێك فاكتەری ســەرەكی هاتە ئاراوەوە، لە دیارترین فاكتەرەكانیش خراپی بارودۆخی عێراق بەهۆی هەڵوەشانەوەی ئاكامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەكەی ناوەڕاستی ١٩٥٤و قەدەغەكردنی كاری پارتە سیاسییەكان، لەهەمانكاتدا هاتنە ئارای پەیمانی بەغداد لە ساڵی ١٩٥٥ بەهەڵسوڕاندنی عێراق وەك لایەنی جێ بەجێ كارو هێرشی سێ قۆڵی بەریتانیا، فەرەنساو ئیسرائیل بۆ سەر میسر لە ئۆكتۆبەری ١٩٥٦و ســـەرەڕای ئەمانەش خراپی هەلو مەرجی ژیانی ســـیاســـیو ئازادی ڕادەربڕینو هەژاریو دوا كەوتوویی نێو گەلی عێراقو گرنگی نەدانی حكومەتی عێراقی بەو بارودۆخە، دەرفەتی ڕەخســـاند بۆ لەیەك نزیك بونەوەی پارتە ســیاســییەكانی ئۆپۆزســیۆن، ئەوە بوو لە ئاكامدا لە ٣/٩/ ١٩٥٧ یەكەمین بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی نیشـتمانی ڕاگەیەنرا، ئەو پارتانەی لەم بەرەیەدا بەشـدار بوون بریتی بوون لە (پارتی ســەربەخۆیی(اســتقلال)، پارتی بەعس، پارتی نیشــتیمانی دیموكراتی (حزب الوطني الديمقراطي)، حزبی شــیوعی عێراق). (ســالح، ٢٠٠٥: ٣٦-٣٧) ئەم هێزانە پێكەوە دروشمی لەكارخستنی حكومەتو گۆڕینی ڕژێمی حوكمڕانیان لە ڕێگەی شۆڕشەوە بەرزكردبۆوە (العگيلي، ٢٠١٣: ١٧) ئەمانەش بوونە هۆی سەرهەڵدانی مۆدیلی كودەتای سەربازی لە ناوچەكەو كاریگەری كودتاكەی ساڵی ١٩٥٢ی جەمال عەبدولناصری میسریان بەسەرەوە بوو. لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە نا ســـەقامگیریەی كە عێراقی پێدا تێدەپەڕی، كەســـایەتییە نیشـــتمانییە مەدەنیو ســـەربازییەكانو پارتە نیشتمانییەكان دەستیان بە پەیوەندی كرد، بۆ ڕا گۆڕینەوەو ڕێككەوتن سەبارەت بەو باردۆخەی كە لە عێراقدا هاتبووە ئاراوەوە، بەم شـێوەیە نزیكبوونەوەو پەیوەندی نێوان هێزە نیشـتمانییەكان دەسـتیپێكرد. (ناجي، ٢٠٠٩: ٥١).

لەگەڵ ئەم گۆڕانكارییانەو هەر بە چاولێكەری ڕێكخراوی ئازادیخوازانی میســـر، گەشـــەكردنی ئەندامانی ئەفســەرانی ئازادیخواز لە زۆربەی یەكەكانی ســوپای عێراقدا دەركەوت، كەیەكەمین هەنگاو بۆ دروســتكردنی ڕێكخستنێكی نهێنی لە ناو سوپادا لەو پێكهاتەیەدا خۆی بەرجەستە دەكرد كە ئەندازیار (رفعت الحاج سری)[1] ڕۆڵی سەرەكی تێدا گێڕاو ڕێگەی خۆشكرد بۆ دروستكردنی ڕێكخستنێكی پتەو لە سوپادا كە ئەنجامەكەی لەو ڕێكخستنە بەهێزەی عەبدولكەریم قاسم[2] لە ساڵی(١٩٥٧) سەركردایەتی دەكرد خۆی دەبینیەوە. (سالح، ٢٠٠٥: ٣٦-٣٧) هەر لە ســەرەتاشــەوە ئەفســەرانی ئازادیخواز لەســەر ئەوە پێكهاتبوون كە پەیوەندی بە هیچ لایەنێكی عەرەبی یاخود بیانیەوە نەكەنو ئارەزوویان بوو كارەكە تەواو عێراقیانە بێت، بەڵام دواتر ویستیان پشتیوانی میســر بەدەســت بهێنن، بۆ ئەم مەبەســتەش (محمد صــدیق شــنشــل) دوو گەشــتی كرد بۆ قاهیرە، لە تەموزی (١٩٥٧) و شوباتی(١٩٥٨)، چاوی بە سەرۆك (جمال عبدالناصر) كەوت. (حمیدي، ١٩٨٠: ٢٩٠).

گەر تەماشای پێكهاتەی لیژنەی باڵای ڕێكخراوی ئەفسەرە ئازادیخوازەكان بكەین، ئاڕاستەی هزری جۆراو جۆرو پێكهاتەی نەتەوەییو مەزهەبی تێدا بەدیدەكرێت، بەڵام لە لیژنەی باڵاو لیژنەی یەدەگی ئەم ڕێكخراوە هیچ ئەفسەرێكی كوردی تێدا نەدەبینرا، هۆكارەكەش بۆ هەڵوێستی نەتەوەییانەی ئەو ئەفسەرانە دەگەڕایەوە كە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

لە لیژنەی باڵادا بوونو سەر بە پارتی بەعس بوون، نموونەی وەک عەبدولسەلام عارف ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە کورد بەدگومان بوون. (ئەمین، ٢٠١٠: ١٦٦) ئەمە لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆری ئەفسەرانی کورد لە نێو سوپای عێراقدا هەبوون، لەگەڵ ئەمانەشدا بەشداری بەهیچ ئەفسەرێکی کورد نەکرا، کە هەر لە دامەزراندنی سوپای عێراقەوە ئەفسەرە کوردەکان بەشدارییەکی کارایان لە سوپادا گێڕاوە. (خۆشناو، ٢٠١٨: ١٧).

لە کۆتاییدا جەماوەرو پارتە سیاسییەکان ڕۆڵێکی بەرچاوییان لە شۆڕشەکەدا گێڕاو لەبەرە بەیانی ١٤ی تەمموز لە بەغداد و شارو شارۆچکەکانی دیکەی عێراقدا خەڵکی بەسەرجەم چینو توێژەکانەوە هاتبوونە سەر شەقامەکانو پشتگیری خۆیان بۆ شۆڕش دووپاتکردەوە. گەلی کوردیش وەک بەشێک لە دانیشتوانی عێراق هاودەنگی خۆی بۆ شۆڕش دەربڕیو نوماین‌دەی خۆی بۆ پیرۆزکردنی شۆڕشەکە ڕەوانەی بەغدای پایتەخت کرد. (ئەمین، ٢٠١٠: ١٧٠).

هەرچەندە گێڕانەوەی جیاجیا لەسەر بەستنی پەیوەندی ئەفسەرانی ئازادیخواز لەگەڵ سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانیدا هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بەوە دەکرێت کە پەیوەندی فەرمی لە نێوان ئەفسەرانی ئازادیخوازو بەرەی یەکێتی نیشتیمانیدا لە نیسانی(١٩٥٧)ەوە دەستیپێکردوە، کاتێک (ڕەجەب عەبدولمەجید)، (عەبدولستار عەلی حوسێن)ی هاوڕێی (کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی پارتی سەربەخۆیی-استقلال) لە بوونی ڕێکخستنەکانی ئەفسەرانی ئازادیخواز ئاگادار کردەوە، بەبێ ناوهێنانی هیچ یەکێک لە ئەفسەرانی ئازادیخواز و داوای لێکرد کە بەرە بەمە ئاگادار بکاتەوە، بۆیە بەرە داوایکرد کەسێک یان دوان لە نوێنەرەکانی بەرە لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخوازدا ئامادە بن، بەڵام ئەم داواکارییە ڕەتکرایەوەو ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی لە ڕێگەی (صدیق شنشل) یەک لە سەرکردەکانی پارتی سەربەخۆیی بە نوێنەری بەرەو، ڕەجەب عەبدولمەجید بە نوێنەری ئەفسەرانی ئازادیخواز پەیوەندییەکانی نێوانیان بەردەوام بێت. (الحسيني، ٢٠١٣: ١٦٧).

هەریەکێک لەو چوار پارتەی بەشدارییان لە بەرەی نیشتمانیدا کردبوو، پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان بە بزووتنەوەی ئەفسەرە ئازادیخوازەکانەوە هەبوو، کە شۆڕشەکەیان پێگەیاندو هەریەکێک لەم پارتانەی بەشداری بەرەیانکرد، ناتوانن پڕوپاگەندەی ئەوە بکەن کە تەنیا خۆیان لە پشت شۆڕشی( ١٤ تەموزی ١٩٥٨)ەوە بوون، چونکە هەریەکێک لەو پارتانە بەشداری تایبەتیان لە ئامادەکردنی شۆڕشدا هەبوو. (العگيلي، ٢٠١٣: ١٨).

لێرەوە سەرەتای پەیوەندییەکان بە پارتە سیاسییەکانەوە هاتە ئاراوەو عەبدولکەریم قاسم بە شێوازێکی تایبەتی لەگەڵ هەندێک لە پارتەکانی شانۆی سیاسی ئەو کاتەی عێراق پەیوەندی پێکەوە کارکردنیان ئەنجامدا، لە پێناو بەدەستهێنانی پشتیوانییەکی زیاتری شۆڕشو ئامادەکارییەکی باشتر.

پەیوەندی نێوان پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان-:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

### ١-حزبی شیوعی عێراقی:

پاش بەستنی کۆنگرەی باکۆ لە (١-٨ی ئەیلولی ١٩٢٠) [٣] هەوڵ بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێکخراوە مارکسییەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا درا، کە کاریگەری لەسەر جوتیارانی میزۆپۆتامیا، سوریا، لوبنان‌و نیمچە دورگەی عەرەبی هەبوو، جگە لە (حزبی شیوعی فەلەستینی) کە ساڵێک پێشتر (١٩١٩) دروست ببوو، چەند پارتێکی کۆمۆنیستی تر سەریانهەڵدا، لەوانە: حزبی شیوعی میسری ١٩٢٠، حزبی شیوعی سوریاو لوبنان ١٩٢٤، بەڵام لە عێراقدا دروستبوونی حزبی شیوعی بۆ ناوەڕاستی ساڵانی سییەکان دواکەوت (عومەر، ٢٠١٩: ٣). سەرەتای ساڵی(١٩٣٠) یەکەم شانەی حزبی شیوعی لە عێراق‌و لە ساڵی(١٩٣٢) بۆ ئاستی ڕێکخراو بەرزبۆوە، لەبەر ڕۆشنایی فراوانبوونی پارتەکە لە بەغداد لە (٣١ی ئازاری ١٩٣٤) کۆبوونەوەی دامەزراندنی خۆی لەسەرانسەری عێراقدا بەست، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاری یەکخستنی سەرجەم ڕێکخراوەکانیاندا لە چوارچێوەی ڕێکخستنێکی یەکگرتووی مەرکەزی بەناوی لیژنەی ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکاری‌و وەبەرهێنان( لجنة مكافحة الاستعمار و الاستثمار) و لیژنەی مەرکەزیشیان هەڵبژارد. (البدراني، ٢٠٠٥: ٨٦) لە تەموزی(١٩٣٥) ناوی ڕێکخراوەکەیان گۆڕی بە حزبی شیوعی عێراقی‌و ڕۆژنامەی (كفاح الشعب)ی زمانحاڵی حزبەکەیان دەرکرد، (عليوي، ٢٠٠١: ٧٦) لە ساڵی(١٩٤٤) یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست‌و فەهد وەکو سکرتێری گشتی هەڵبژێردرا، بەڵام کارکردنی هەر بەشیوەیەکی نهێنی مایەوەو ڕێگەی پێ نەدرا تا دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز. (البدراني، ٢٠٠٥: ٨٦-٨٧) ئەمەش یەک لە هۆکارەکانی کارکردنی شیوعییەکان بوو لەگەڵ ئەفسەرە ئازادیخوازەکاندا، هەروەها هۆکارێکی تر ئەوە بوو شیوعییەکان نەیاندەتوانی لە نێو ڕیزەکانی سوپادا کاربکەن. لە ساڵی(١٩٥٦)دا یەکەم پەیوەندی لەگەڵ شیوعییەکاندا لە ڕێگەی (ڕەشید موتڵەق و کەمال عومەر نەزمی)یەوە بەسترا، کە لەلایەن عەبدولکەریم قاسمەوە نێردرابوون بۆ بەشداریکردنی شیوعییەکان لە کۆتایی هێنان بە ڕژێمی حوکمڕانی لە ڕێگەی کاری چەکدارییەوەو عامر عەبدوڵایان بینی‌و خواستی عەبدولکەریم قاسمیان پێ گەیاندن، بەوەی کاتێک شۆڕش دەست پێ دەکات، حزبی شیوعی دەستپێشخەری بکات لە ڕێکخستنی جەماوەر بۆ خۆپیشاندانێکی بەرفراوانی پشتیوانی کردن لە شۆڕش‌و دوای تەواو بوونی دەستگرتن بەسەر بەغدادا، قەدەغەی هاتووچۆش بسەپێنن و داوا لە حزب کرا، ئامادەکاری تایبەت بە کاروباری ئابووریش بگرێتە ئەستۆ. (حميدي، ١٩٨٠: ٢٩٣) عەبدولکەریم قاسم هەر لە هاوینی ساڵی(١٩٥٦)ەوە لە ڕێگەی ڕەشید موتڵەقەوە پەیوەندی بە حزبی شیوعییەوە هەبوو، هەر لەو کاتەوە هەواڵی لە ناوبردنی ڕژێمی بە شیوعییەکان ڕاگەیاندبوو. (الحسيني، ٢٠١٣: ١٧٠).

پەیوەندییەکانی عەبدولکەریم قاسم لەگەڵ شیوعییەکاندا تا سەرهەڵدانی شۆڕش بەردەوام بوو، لەسەرەتای ساڵی(١٩٥٧)داوای لێ کردن پشتوانی یەکێتی سۆڤیەت‌و چین بۆ شۆڕش لە عێراقدا بەدەست بهێنن، لە ئەگەری هێنانی هێزی چەکداری بیانی بۆ ناوەوەی عێراق. (حميدي، ١٩٨٠: ٢٩٤) حزبی شیوعی وەڵامی داواکەی عەبدلکەریم قاسمی بەناردنی شاندێک بەسەرۆکایەتی سەلام عادل سکرتێری لیژنەی مەرکەزی حزب‌و عامر عەبدوڵا ئەندامی لیژنەو چەند ئەندامێکی دیکە بۆ سۆڤیەت دایەوە و، شاندەکە بیرۆکەکەی عەبدولکەریم


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

قاسمیان گەیاند بە (خرۆشۆف) سكرتێری گشتی حزبی شیوعی سۆڤیەتیو ڕاستەوخۆ ڕەزامەندی خۆی دەبڕی، هەروەها شاندەكە چوونە چینو پشتیوانی ئەوانیشیان بەدەست هێنا. (العگيلي، ٢٠١٣: ١٩).

كاتێک ڕۆژی شۆڕش دەستنیشانكرا، ڕۆژی هەینی (١١/٧/ ١٩٥٨) شیوعییەكان بەڕێكەوتی شۆڕشەكە ئاگادار كرانەوە، ئەوانیش لای خۆیانەوە زانیاریان بڵاوكردەوەو ڕێكخراوەكانی حزبییان خستە ئامادە سازییەوە، هەروەها پێدانی زانیاری بە دوركەوتنەوە لە دەرخستنی دروشمی نادیارو پەرگیر یاخود ئەو دروشمانەی كە دەبنە هۆی پیرۆزكردنی ئەو سەركردانەی سەرۆكایەتی بزووتنەوەی نیشتمانی، یاخود عەرەبی دەكەن لەسەر حسابی پشتگوێ خستنی دروشمە سەرەكییەكانی حزب. (حميدي، ١٩٨٠: ٢٩٤) بڵاوكردنەوەی ئەم تێبینیو ئاڕاستانەی حزبی شیوعی بۆ ئەندامانو لایەنگرانی ئەوە ڕوون دەكەنەوە كە شیوعیەكان هەر لەسەرەتاوە لەو هەڵچونە ناسیۆنالیستییە پەرگیرەی ڕەوتە نەتەوەییە عەرەبییەكانی ئەوكاتە، كە خۆی لە ڕەوتی ناسرییەكانو بەعسییەكاندا دەبینیەوە و كەوتبوونە مەترسیەوە، دەرەنجامیش مەترسییەكەیان بە ڕاست وەرگەڕاو كاریگەری نەرێنی لە قۆناغەكانی دوای شۆڕش بەجێ هێشت.

## ٢- پارتی سەربەخۆیی (حزب الاستقلال):

بنەمای دامەزراندنی پارتی سەربەخۆیی دەگەڕێتەوە بۆ یانەی موسەنا كە لە ساڵی(١٩٣٥) دامەزرابوو، بیرۆكەی دروستكردنی ئەم پارتەش بۆ ئەو كاتەی كە ئەندامە نەتەوەییەكانی یانەكە دوای شكستی شۆڕشی مایسی(١٩٤١) لە زیندانددا بوون دەگەڕێتەوە. (البدراني، ٢٠٠٥: ٥٦) (فایەق سامەڕایی) لەگەڵ (محەمەد سدیق شەنشەلو خەلیل كنە) بیرۆكەی دروستكردنی پارتەكەیان تاوتوێ كردو پارتێكی نیشتیمانی نەتەوەییان دامەزراند، جگە لەو سێ كەسەی ناویان هاتووە، هەریەک لە (داود سەعدیو ئیسماعیل غانمو فازل موعلەو عەلی قەزوینیو عەبدولموحسن دوریو ڕەزوق شەماسو عەبدولرەزاق زاهر) بەشدارییان لە دامەزراندنی پارتەكەدا كرد. (خليل، ١٩٨٤: ٨١) پارتی سەربەخۆیی لە (٢ی نیسانی ١٩٤٦) مۆڵەتی فەرمی پێدراو یەكەم كۆنگرەی خۆی لە (١٩)ی نیسانی هەمان ساڵدا بەستو لیژنەی باڵای پارتەكە هەڵبژێردرا، محەمەد مەهدی كنە بە سەرۆكی پارتو ئیبراهیم ڕاوی بە جێگرو فایەق سامەڕایی بە ئەمینداری گشتی هەڵبژێردران. (عليوي، ٢٠٠١: ١١٤-١١٥) ڕۆژنامەی (لواء الاستقلال) بووە زمانحاڵی پارتەكەو لە (٤)ی ئابی هەمان ساڵدا یەكەم ژمارەی خۆی بڵاو كردەوە. (البدراني، ٢٠٠٥: ٥٨).

ئەم پارتە یەكێک بوو لە ئەندامانی بەرەی یەكێتی نیشتیمانیو بچووكترین پارتی نێو بەرە و پارتێكی عەرەبی ئیسلامی میانڕەو بوو، زیاتر پێداگری لەسەر نەمانی هەژموونی بەریتانیا لە عێراقدا كردووە. (سالح، ٢٠٠٥: ٣٧).

دوای پێكهێنانی لیژنەی باڵا ڕێككەوتن لەسەر ئەوەی ڕەجەب عەبدولمەجید سكرتێری لیژنەی باڵا پەیوەندی بە سیاسییە مەدەنیەكانەوە بكاتو لە ڕێگەی عەبدولستار عەلی حوسێنەوە پەیوەندی بەسەركردەكانی پارتی سەربەخۆییەوە كرد بۆ ئاگادار بوون لە بارودۆخی سیاسیو چالاكییەكانی بەرەی نیشتمانی، لەو


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

میانەشـدا رەجەب عەبدولمەجمید داوای لە سـدیق شـەنشـەل کرد پەیوەندی بە جەمال عەبدولناسـرەوە بکات، جاری یەکەم لە تەموزی (١٩٥٧) جاری دووەم لە شـوباتی (١٩٥٨) چاوی بە عەبدولناسـر کەوتو هەردوو چاوپێکەوتنەکەش لەڕێگەی محەمەد حەسـەنێن هەیکەل سـەرنووسـەری رۆژنامەی ئەهرامی پێشـووەوە ئەنجامدرا.(حمیدي، ١٩٨٠: ٢٩٧) لە دیمەشـق کۆبوونەوەو ڕێککەوتننامەی هاوکاری لە نێوانیادا واژۆ کراو محەمەد سدیق شـەنشـەل توانی پشتیوانی جەمال عەبدولناسر بەدەست بهێنێتو پێی ڕاگەیاندن کە بەبێ هیچ دوو دڵییەک لەپاڵ ئەنجامدەرانی کودەتاکەدا دەوەستێت. (محمد، محمد، ٢٠١٩: ٢٣٤).

هەروەها کاتێک رەفعەت حاج سریو ڕەجەب عەبدولمەجمید لەیەکەم ڕێکخستنی ئەفسەرە ئازادیخوازەکاندا دەسـتیان بە کارکردن کرد، لە ڕێگەی عەبدولسـتار عەلی حوسـێنەوە پەیوەندییان بەسـەرکردایەتی پارتی سـەربەخۆییەوە کرد کە پەیوەندی هاوڕێتی پێکیانەوە دەبەسـتەوە، بۆچوونی سـدیق شـەنشـەل ئەوە بوو کە رەفعەت حاج سری بۆ سەرکردایەتی گونجاو نییە، بۆیە ئامۆژگاری کرد کە شێوازی کارکردنی بۆ نهێنی تەواو بگۆڕێت. پەیوەندیەکانی ڕەفعەت حاج سری لەڕێگەی سـەرۆکی یەکەم سالح عەبدولحەمید سامەڕایی بە فایەق سامەڕاییەوە بەردەوام بوو، کە پەیوەندی خزمایەتی پێکەوە گرێی دەدان و لە کێشە سیاسیەکانیشدا ببووە راوێژکاری. (حمیدی، ١٩٨٠: ٢٩٦-٢٩٧).

سـەبارەت بە ڕێککەوتی شۆڕشـەکەش عەبدولکەریم قاسم پارتی سـەربەخۆو بەعسی بە شێوازێکی فەرمی ئاگادار نەکردەوە، وەک ئەوەی لەگەڵ حزبی شیوعیو نیشتیمانی دیموکراتدا کردی، ئەم هەڵوێستەی قاسم بە هەڵوێسـتێکی نەرێنی لەقەڵەمدرا. (الحسـیني، ٢٠١٣: ١٧٠-١٧١ ؛ محمد، محمد، ٢٠١٩: ٢٣٤-٢٣٥) هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕەجەب عەبدولمەجمیدو لایەنگرانی لە لیژنەی باڵا کە لەگەڵ پارتی سـەربەخۆدا هاوسـۆز بوون، لە شـۆڕش ئاگاداریان نەکردبوونەوە، (حمیدي، ١٩٨٠: ٢٩٧) هۆکارێکی تر کە عەبدولکەریم قاسـم نوێنەری بۆ ئاگادارکردنەوەی پارتی سـەربەخۆ نەنارد، ئەوە بوو لەگەڵ ئایدۆلۆژیای پارتەکەدا نەدەگونجا. (العگیلي، ٢٠١٣: ٢٠) بۆیە لە شـەوی جێ بەجێ کردنی شـۆڕشـەکەدا کامل چادرچی هەریەکە لە محەمەد سدیق شەنشەلو عەبدولستار عەلی حوسێنی لە کاتی شۆڕشەکە ئاگادار کردەوەو داوای لێ کردن کە بە فایەق سـامەڕاییو حوسـێن جەمیل نەڵێن. (حمیدي، ١٩٨٠: ٢٩٧) ئەم هەڵوێسـتەی قاسـم بووە پاسـاوێکی نەرێنی بەدەسـتی ڕەوتە نەتەوەییەکانەوەو هەر لەسـەرەتاوە بەوە تاوانبارییان کرد کەوابەسـتەیە بەڕەوتیکی دیاری کراوەوە.

## ٣-پارتی نیشتیمانی دیموکراتی (حزب الوطني الدیمقراطي)

لە دامەزراندنی ئەم پارتەدا هەریەک لە (کامل چادرچی، محەمەد حەدید، حسـێن جەمیل، عەبدولکەریم ئەزری، لە کۆمەڵەی ئەهالی[٤] و یوسـف ئەلحاج ئەلیاس، عەبدولوەهاب مەرجان، محەمەد عەبود ئەلشـالجیو صادق کەمونە) بەشدار بوونو لە نیسانی (١٩٤٦) مۆڵەتی فەرمی وەرگرتووە. (خلیل، ١٩٨٤: ٧٥-٧٦) ئەم پارتە لەسـەر بنەمای نیشـتیمانیو دیموکراتی بنیاد نرابوو، هەروەها بەرگری کردن لە بنەما کۆمەڵایەتیەکانیش لە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ئامانجە سەرەکییەکانیان بوو، بەڵام زیاتر جەختی لە بنەمای دیموکراتی دەکردەوە وەک لە بارە کۆمەڵایەتییەکە. (البدراني، ٢٠٠٥: ٦٦).

لە بارەی پەیوەندییەکانی عەبدولکەریم قاسم بەهەندێک لەسەرکردە سیاسییەکانەوە، ئەوە خراوەتە ڕوو کە پێدەچێت هەوڵەکان زۆر پێش ئەم پەیوەندییە فەرمییە بووبێت، بەڵام بە فەرمی لە تشـــرینی یەکەمی (١٩٥٦) قاسم هاوڕێکەی ڕەشید موتڵەقی ناردۆتە لای حوسێن جەمیل سکرتێری گشتی حزبی نیشتمانی دیموکراتی کە هـاوڕێی موتڵەق بووە، ئارەزوومەندی خۆیو ئەفســـەرە ئازادیخوازەکانی بۆ هـاوکاری کردن پێکەوە پێ ڕاگەیاندووەو دەڵێت: حوســێن جەمیل بۆ موتڵەقی ڕوونکردۆتەوە کە کودەتا لەوانەیە هەندێک لەو بارودۆخەی وڵاتی پێوە گیرۆدە بووە نەهێڵێت، بەڵام هەندێک بارودۆخی تر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ کە دژی ئازادیو حوکمی دیموکراتییە، سەرباری ئەم تێبینیانە پەیوەندی لە نێوانیاندا بەردەوام دەبێت. (الحسيني، ٢٠١٣: ١٦٧-١٦٨) قاسم داوای لێکردن کە یەکەمین وەزارەتی مەدەنی دوای شـــۆڕش پێک بهێنن، بەڵام حوســـێن جەمیل ڕەتیکردەوەو داوای لێکرد کە ڕێگەی پێبدات لەگەڵ کامل چادرچیدا ئەو بابەتە تاوتوێ بکات کە تا ئەوکاتە لە زینداندا بوو. ڕای کۆتایی چادرچی بریتی بوو لەوەی بەشـداری لە کاری سـەربازیدا نەکەن. سـەرباری هەڵوێسـتی نەرێنی حزب لە کاری سـەربازی بەڵام پەیوەندیەکانیان لەگەڵ عەبدولکەریم قاسـمدا بەردەوام بوو، لەگەڵ ئەفسـەرانی ئازادیخوازدا لە لایەنی سـیاسـیو ئابوورییەوە دەسـتیان بە ڕاوێژ کرد. (حميدي، ١٩٨٠: ٢٩٨) لەسـەر داوای عەبدولکەریم قاسم حوسێن جەمیل ڕاسپێردرا کە ئامانجی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان لە هەڵگیرسانی شۆڕشدا بە جمال عەبدولناسر بگەیەنێت، لێرەدا موحسن حسێن حەبیب ئەندامی لیژنەی باڵای ئەفسەرە ئازادیخوازەکان لەسـەر ئەم پەیوەندیانە دەڵێت:" ئێمە دواتر بەو پەیوەندیانەمان زانی ئەمەش یەکەمو ترسـناک ترین بۆشـایی بوو لە ڕێکخستنەکانی شۆڕشدا، ئەویش بریتی بوو لە تاک پەرستیو کارکردن بەگیانی(من)کە دەرەنجامەکەی دواتر زۆر خراپ بەسـەر شـۆڕشو وڵاتدا شـکایەوە. (الحسـيني، ٢٠١٣: ١٦٨) پێدەچێت عەبدولکەریم قاسـم لەچەند لایەکەوە هەوڵی ئەوەی دابێت پشتیوانی جەمال عەبدولناسر بەدەست بهێنێت، بۆیە لەچەند ڕێگەیەکەوە هەوڵی دروستکردنی ئەو پەیوەندیەی داوە، پشتیوانی جەمال عەبدولناسر بۆ بارودۆخی ئەوکاتەی عێراق گرنگ بوو، کە تائاستێک هەردوو وڵات هاوشێوەی یەک لە هەوڵی گۆڕانکاری سیستمی سیاسیدا بوون، هەرچەندە لە میسر گۆڕانکارییەکان پێشتر ئەنجامدرابوون.

سـەرباری جیاوازی هەڵوێسـتی حزب لەبارەی کاری سـەربازییەوە، ئەوەی جێگەی سـەرنج بوو هەڵوێسـتی کامل چادرچی بوو کە لەگەڵ کوشـتنی مەلیک فەیسـەڵی دووەمدا بوو. ئەم هەڵوێسـتەی چادرچی سـەبارەت بە کوشـــتنی مەلیک فەیســـەڵ ناتوانرێت پاســـاوی بۆ بهێنرێتەوە، چونکە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراســـیدا یەکی نەدەگرتەوە کە چادرچی پێوەی پەیوەست بوو، تەنانەت گەر مەلیک تاوانباریش بووبێت، دەبوو سـەرکردەیەکی دیموکراسـی خواز پێشـنیاری ئەوەی بکردایە بۆ دیاریکردنی چارەنووسـی مەلیک ڕەوانەی دادگا بکرێت. (جعفر حميدي، ١٩٨٠: ٢٩٨).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

سەربارى هەڵوێستى جیاوازى پارتى نیشتیمانى دیموكراتى لەگەڵ ئەفسەرە ئازادیخوازەكاندا، پەیوەندیەكانیان لەگەڵ پارتى سەربەخۆییو بەعسو شیوعى پەرەیسەندو لە ئازارى(١٩٥٧) دواى كۆبوونەوەو قوڵبوونەوەى پەیوەندییەكانیان بەشدارییان لە پێكهێنانى بەرەى یەكێتى نیشتیمانیدا كرد، كە لە شۆڕشى ١٤ى تەممووزدا بەشدارییەكى كاراى لە ڕێبەرى كردنى جەماوەریدا هەبوو.

## ٤- پارتى بەعسى عەرەبى سۆسیالیستى:

پارتى بەعس سەرەتا وەك جوڵانەوەیەكى فكرى دەستى پێكرد كەلافى تازەگەرى لێدەدا، ئەو پارتەى كە دواتر بە پارتى عەرەبى سۆسیالیست ناسرا، لەسەرەتاوە بە كۆمەڵەیەكى نهێنى دەستى پێ كرد، كە ڕۆشنبیرە نەتەوەخوازەكانى لە خۆ گرتبوو، كە تاڕادەیەك مێژووى دروست بوونى روون نییە، تەنانەت بەعسییە كۆنەكانیش لەسەر مێژووى پارتەكەیان یەك ڕاو بۆچوونیان نییە. (مستەفا، ٢٠٠٧: ٤٧-٤٨) ئەم پارتە وەك لە بەرنامەكانیدا دایڕشتبوو خۆى نەبەستبووەوە بە شوێنێكى جوگرافى بەرتەسك، بەڵكو هەوڵى فراوانخوازى دەداو پەلوپۆى بۆ دوورتر هاوێشتو لە شامەوە هاتە عێراق، هەلو مەرجى عێراقیش زەمینەیەكى لەبار بوو بۆ تەشەنەكردنى ڕێكخستنەكانى حزبى بەعس. (مستەفا، ٢٠١١: ١٩٥)

سەرەتاكانى دەركەوتنى بەعس لە عێراقدا بۆ كۆتایى چلەكانى سەدەى بیست دەگەڕێتەوە، هەندێك لەو خوێندكارە عێراقییانەى لە چلەكاندا لە زانكۆى دیمەشق یاخود لە بەیروت دەیانخوێند و، پەیوەندییان بە پارتى بەعسەوە هەبووەو بەشدارى كۆنگرەى دامەزراندنیان لە دیمەشق كردووە. (مستەفا، ٢٠٠٧: ٦٣) لەسەرەتاى ساڵى خوێندنى(١٩٤٧- ١٩٤٨) یەكەم شانەكانى ڕێكخستنى بەعسى لە عێراق دەركەوتن، لەسەر شێوازى شانەى حزبى كە لەلایەن بەشێك لەو خوێندكارە سورییانەى هاتبوونە عێراقەوە سەرپەرشتى دەكرانو هەوڵى بڵاوكردنەوەى هزرى بەعسییان دەداو ڕاكێشانى ئەو كەسانەى كە لەگەڵ بەرپرسانى حزبەكەدا خوازیارى كارى حزبى بوون. (البدراني، ٢٠٠٥: ٤٢) چالاكییەكانى حزبى بەعس كە تازە لە عێراقدا پێك هاتبوو چەند شانەیەكى حزبییان لە كۆلێژى ئەركانو قوتابخانەى فڕۆكەوانى پێكهێنابوو، هەروەها بەشێك لە ئەفسەرانى سەربازى لەگەڵ یەكێك لە سەركردەكانى پارتى سەربەخۆییدا (استقلال) لە پەیوەندیدا بوون. (ناجي، ٢٠٠٩: ٥٥).

ئەفسەر جاسم عەزاوى داواى چاوپێكەوتنى نوێنەرانى ئەفسەرانى ئازادیخوازى لەگەڵ نوێنەرانى حزبى بەعسدا كرد، بۆ ئەو مەبەستەش هەریەكە لە شەفیق كەمالو تەحسین معلا لە ماڵى فەیسەڵ حەبیب خەیزەران لەگەڵ جاسم عەزاوىو ساڵح مەهدى عەماشو سوبحى عەبدولحەمیدو حەسەن مستەفا نەقیب كۆبوونەوە، ئەو ئەفسەرانە نیەتى خۆیان بۆ هەڵگیرسانى شۆڕشێكى نیشتمانى روونكردەوەو داوایان لە حزبى بەعس كرد وازبهێنن لە ناشرین كردنى كودەتاى سەربازىو ئاساییكردنەوەى خەڵك دژى جوڵەى سوپا. (الركابي، ٢٠١١: ٩٦) دواى ئەم چاوپێكەوتنە حزب جەختى لەوە كردەوە كە پشت گوێ خستنى كایەى سەربازى هەڵەیەكى گەورەو نەگونجاوە، بۆیە بڕیارێكى گشتاند بۆ هەموو ئەندامو لایەنگرانىو داواى لێ كردن لە سوپادا خۆیان


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

خۆبەخش بکەن یان پەیوەندی بە کۆلێژی ســـەربازی یاخود فرۆکەوانییەوە بکەن، بەم شـــێوەیە حزب توانی خۆی بخزێنێتە نێو کایەیی سەربازییەوە، ساڵی(١٩٥٧) نووسینگەی سەربازیو ڕێکخستنێکی سەربەخۆی بە بەرپرســیارێتی فوئاد رکابی دروســت کردو هەندێک لە ئەفســەرانیشــی بۆ ڕاهێنانی ســەرکردەکانی حزبو کادیرەکان لەسەر کاروباری سەربازی تەرخانکرد. (حميدي، ١٩٨٠: ٢٩٥-٢٩٦).

هەر لە چوارچێوەی ئامادەکارییەکانی حزبی بەعسدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سەفارەتی میسری لە عێراقدا هەبوو، وەک مەجید فەریدو تەلعەت سدقیو محەمەد کەبول، کە نامەیەکی لە سەلاحەدین بیتارەوە بۆ حزب هێنابوو، هەروەها حزب لە محەمەد کەبولەوە تەقەمەنیو چەکی ســووک کە لە ســوریاوە هێنرابووە عێراق وەرگرتو لە کێڵگەکانی جادریە شــاردرایەوە بۆ ئەوەی لە ڕۆژی شــۆڕشــدا ســوودی لێ وەربگیرێت. (الركابي، ٢٠١١: ٩٨).

حزبی بەعس لە رۆژی( ١٢ی تەموزی ١٩٥٨) لە ڕێگەی مولازم علاء جەنابی کە نوێنەری حزب بوو لە لایەن عەبدولســەلام عارفەوە راسپێردرا بوو لە ڕێککەوتی جێ بەجێ کردنی شــۆڕش ئاگادار کرانەوە، ئەویش لای خۆیەوە جێگری ئەمینداری نهێنی حزب عەلی ساڵح سەعدی ئاگادار کردەوە. (العگيلي، ٢٠١٣: ٢٠) و پێی ڕاگەیاند کە شـــۆڕش لەبەرە بەیانی رۆژی( ١٤)ی تمووز لە کاتی تێپەڕینی لیوای (٢٠) لە بەغداد روو دەدات، داوای لێکرد کە دەزگای حزب بخاتە ئامادەســـازییەوە، هەروەک چۆن ڕێککەوتن لەســـەر ئەوەی لەکاتی سەرکەوتنی شۆڕشدا دوو کورسی وەزارەت بە حزب بدەن. (الركابي، ٢٠١١: ٩٧-٩٨) بەشێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە حزبی بەعس ڕاســـتەوخۆ لەلایەن عەبدولکەریم قاســـم وەک کەســـی یەکەم ئاگادار نەکراوەتەوەو ئەمەشیان وەک خاڵێکی مەترسیدار ئەژماردووە، کە قاسم جیاکاری حزبی بەکارهێناوە لە مامەڵە کردنی لەگەڵ پارتەکاندا، پێش شۆڕشو دوای شۆڕشیش ڕەنگدانەوەی بەسەر پەیوەندییەکانی قاسمەوە هەبوو. بەدڵنیاییەوە هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قاسم باوەڕی تەواوی پێیان نەبووە.

## ٥- پارتی دیموکراتی کوردستان:

ســەرەتاکانی دروست بوونی پارتی دیموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کە پارتە جیاوازەکانی ئەو قۆناغە بڕیاریاندا پارتێکی نوێ دروســـــت بکەنو هەموویان لە ژێر چەتری ئەو پارتەدا کۆببنەوە. پارتی ڕزگاری کورد چالاکییەکانی تا ناوەڕاســـتی ئابی (١٩٤٦) بەردەوام بوو، لەســـەرەتای ئەو مانگەدا کۆنگرەیەکی بەست بڕیاری هەڵوەشانەوەی خۆیو دامەزراندنی پارتێکی تازە بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بۆیە هەموو پارتە سیاسییە جیاوازەکان ڕێککەوتن لەسەر هەڵوەشانەوەی پارتەکانیانو یەکگرتنیان لە چوارچێوەی یەک پارتدا بەناوی (پارتی دیموکراتی کورد). (شريف، ٢٠٠٧: ٢١١).

سەبارەت بە پارتی دیموکراتی کوردستان کە ناوی لەگەڵ پارتەکانی بەرەی یەکێتی نیشتمانیدا نەهاتووە، لە راستیدا پارتی لەکاتی دروست بوونی بەرەدا لەگەڵ چوونە پاڵ بەرەکەدا بوو، بەڵام پارتە نەتەوەییەکانی وەک پارتی ســـەربەخۆییو پارتی بەعس رەتیان کردەوە کە لەبەرەدا قبوڵ بکرێن، بەهۆی ئەو ڕەگەز پەرســـتییەی

ئەوکاتە بەرامبەر بە نەتەوەی کورد هەیانبوو. (العگيلي، ٢٠١٣: ١٨) هەربۆیە بەرەی یەکێتی نیشـــتیمانی هەموو هێزە سـیاسـییەکانی نەگرتبۆوە، نوێنەری حزبی سـەربەخۆییو حزبی بەعس لەسـەرەتادا دژی هاتنی پارتی دیموکرات بوون بۆ نێو بەرە، هەرچەندە دواتر هەڵوێستی خۆیان گۆڕی، بەڵام پارتی لە ناردنی نوێنەر بۆ بەرە ساردبۆوە. (الزبيدي، ١٩٨١: ٩٧).

لەبەرامبەردا پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەخنەی لە ئامانج و بەرنامەی بەرە گرت، بەوەی ئەو داواکارییە سەرەکییانەی تێدا نییە کە وڵات بەرەو قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی دیموکراتی بەرێت، ئەمە جگە لەوەی کە هیچ ئاماژەیەکی بە پێدانی مافی نەتەوەیی گەلی کورد نەکردبوو، لەگەڵ هەموو ئەمانەشـدا پارتی هەوڵیدا پەیوەندی بە بەرەوە بکات. (بادي، ٢٠٠٨: ١٢٩) بەڵام خالد عەلی ساڵح ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە حزبی بەعسو سەربەخۆیی دژی هاتنی پارتی بووبن بۆ نێو بەرەو دەڵێت:" ئەمە لە ڕاستییەوە دوورەو ئەوەی ڕازی نە بوو حزبی شیوعی بوو. (الدوري، ٢٠١٠: ٤٦) بەڵام ئەم لێدوانەی خالد سـەعدی لاوازەو بەشـێکی زۆر لە سـەرچاوەکان ئەو دوو پارتە تاوانبار دەکەن بە ڕێگری کردن لە هاتنی پارتی بۆ نێو بەرە. تەنانەت حزبی شیوعی عێراق هەڵوێستێکی جیاوازی بەرامبەر بە کورد گرتە بەرو، لە سـاڵی(١٩٥٧) هەردوو حزبی شـیوعی عێراقو پارتی دیموکراتی کوردسـتان ڕێککەوتنێکی دوو قۆڵیان لە دەرەوەی بەرە بەسـت. (بادي، ٢٠٠٨: ١٢٩) کە ئەمەش بۆخۆی ڕەتکردنەوەی ئەو لێدوانەی خالد عەلی ساڵحە. هەروەها عەلی ساڵح سـەعدی خۆی جەخت دەکاتەوە لەسـەر ئەوەی کە "حزبی بەعس ڕەتیکردەوە پارتی دیموکرات بچێتە نێو بەرەوە، بیانویان ئەوە بوو گوایە سـروشـتی سـەرکردایەتیەکەی خێڵەکییە. (الزبيدي، ١٩٨١: ٩٧؛ الدوري، ٢٠١٠: ٤٦؛ الزرداوي، ٢٠١٢: ٦٥) تەنانەت لەو چاوپێکەوتنە تایبەتەی کە لیث عەبدولحەسەن زوبێدی لەگەڵ عەلی ساڵح سـەعدی ئەنجامیداوە جگە لەوەی کە سـەرکردایەتی پارتی بە خێڵەکی لەقەڵەم دەدات، مەلا مستەفا بارزانیش کە سـەرۆکی پارتەکەبوو هەرچەندە لە دەرەوەی وڵاتیش بوو، کەچی بەچاوی گومانەوە لێیان دەڕوانی. (الزبيدي، ١٩٨١: ٩٧).

پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتو پارتی سـەربەخۆیی، پەیوەندییەکی باش نەبوو، بۆیە لە تشـرینی یەکەمی( ١٩٤٨)دا پارتی سەرکردەکانی پارتی سەربەخۆیی بە فاشی وەسف کرد کە مەبەستیان دروستکردنی ئیمپراتۆریەتێکی عەرەبییە بۆ ژێردەستە کردنی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتو بیری ڕەگەزپەرستی کردووەتە بنەمای کاری خۆی، هەروەک چۆن هیچ هەڵوێسـتێکی بەرامبەر ئەو کارەسـاتانەی بەسـەر کورد دا هاتووە نەبووە. (البوتاني، ٢٠٠٧: ٣٠-٣١) زۆربەی سـەرکردەکانی پارتی سـەربەخۆ لە نوسینو یاداشتەکانیاندا باسی کێشەی کوردیان نەکردووەو هیچ گرنگیەکیان پێ نەداوە، ئەمەش وایکرد کە ئەم پارتە هیچ جەماوەرێکی لە کوردستاندا نەبێت، هەرچەندە دواتر لە کۆنگرەو بەیاننامەی هەڵبژاردنەکانیدا باسـی لە برایەتی کوردو عەرەب دەکردو لە ساڵی(١٩٥٠) ڕێکخستنی سیاسی حزبی گۆڕیو وشەی سۆسیالیستیو دیموکراتی بۆ ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان زیاد کردو هەڵوێسـتێکی میانڕەوانەی بەرامبەر بە کورد گرتە بەرو لە بڕگەی سـێ، ماددەی دوو باسـی لەوە کردووە کە حزب ڕێز لە نەتەوەکانی تر دەگرێتو هاوڵاتیان بە عەرەبو کوردەوە لەم نیشـتماندا هاوبەشـن. (بادی، ٢٠٠٨: ٨٥-٨٦).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

سـەبارەت بە پارتی بەعسـیش کە هەڵگری بیرو باوەڕێکی ڕەگەز پەرسـتی بوو، هەر لە ڕۆژانی یەکەمەوە بەوە جیاکراوەتەوە کە هەوڵی لێکچونیان داوە لەگەڵ بیرباوەڕی نازیو فاشـیەکاندا ئەوانەی کە بیروباوەڕی پاکی خۆێنیان لەنێو نەتەوەکانی تردا هەڵگرتبوو، ئەم پرۆژەیەی بەعسـیەکان هەڵیانهێناوەو توڕدانەوەی کورد بوو لە پێناو پاراسـتنی (من)ێکی عەرەبییانەی خاوێندا کە ڕەگەز پەرسـتییەکەی ڕێگەی پێ نەدەدا قبوڵی هەبوونی کورد لەبەرامبەر خۆیدا بکات. (مستەفا، ٢٠٠٧: ١١٢-١١٣).

ئەم هەڵوێسـتی دژایەتییە تەنها لای پارتەکانی بەشـدار بووی بەرەدا نەبوو، بەڵکو لە نێو لیژنەی بالا و لیژنەی یەدەگی ئەفسـەرە ئازادیخوازەکانیشدا هیچ ئەفسـەرێکی کوردی لەخۆ نەگرتبوو، لە کاتێکدا کە ئەفسـەرە کوردەکان ڕێژەیەکی زۆریان لە سـوپای عێراق پێکهێنابوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی گومانیان لە دڵسـۆزیان بۆ نەتەوەی عەرەبو عێراق دەکرد، بۆیە هیچ پەیوەندییەکیان بە پارتی دیموکراتەوە نەکرد، لەکاتێکدا پەیوەندیەکی پتەویان لەگەڵ پارتو ڕەوتە سـیاسـییەکانی تردا هەبوو. (البوتاني، ٢٠٠٧: ٧٤) هەرچۆنێک بێت ئەفسـەرە ئازادیخوازەکان هیچ بڕیارێکیان سـەبارەت بە کێشـەی کورد نەدا، لەکاتێکدا هەندێکیان بەتایبەتی عەبدولکەریم قاسم بیریان لە کێشـەی کورد کردبۆوەو لەگەڵ پێدانی بەشێک لە مافە نەتەوەییەکانی کورددا بوون. (البوتاني، ٢٠٠٧: ٧٥) چونکە ئامانجی سـەرەکی ڕێکخراوی ئەفسـەرانی ئازادیخواز ڕووخاندنی سیستمی پاشایەتی بوو، بۆیە هیچ ئاماژەو هیوایەکیان بەگەلانی تری عێراق بۆ پێدانی مافە نەتەوایەتییەکانیان نەبەخشی.

## تەوەرەی دووەم:

## گوتاری نەتەوەیی و کۆمۆنیستی لە سیاسەتی عەبدولکەریم قاسمدا

هیچ کەسـایەتییەک لە مێژووی عێراقی نوێدا، هێندەی عەبدولکریم قاسـم جێگەی مشـتو مڕو جیاوازی بۆچوون، نووسین، بڵاوکراوە، وتار و لێکۆڵینەوە لەسـەر کەسایەتییەکەی نەبووە، وەک هەر کەسایەتییەکی تر لە دەروازەی فراوانی قۆناغی گۆڕانکارییە شۆڕشگێرییەکانەوە هاتۆتە نێو مێژووەوە، دوژمن و دڵسۆزی زۆری هەبووە، بۆیە شێواندن و تۆمەتی زۆری ئاڕاستە کراوە. لەوانە تۆمەتی لێکترازانی نەتەوەو حزبە سیاسیەکانو پێکدادانیان بەیەکدا، هەروەک تۆمەتی شعوبیو شیوعیو بەکرێ گیراوی بەریتانی، ئەمریکی، ڕوسیو تەنانەت تۆمەتی شێتیشیان بۆ هەڵبەستووە، لەبەرامبەردا ئەوانەی خۆشیان ویستوە زیادەڕۆییان لە لکاندنی هەندێک خەسڵەتی داستان ئامێزدا کردووە، بەهۆی خۆشـەویسـتی زۆریان بۆی زۆر لە خەڵکە سادەکە باوەڕیان بە مردنی نەدەکردو پێیان وابوو هێشتا زیندووە. (حسین، ٢٠٠٧: ١٦٨).

لەڕاستیدا عەبدولکەریم قاسم نە کەسێکی سیاسیو نە کەسێکی کۆمەڵایەتی بوو، بەڵکو کەسێکی سەربازی بوو، هەر ئەو هۆکارەش بوو کەس لە نیەتی شـۆڕشـگێڕانەی ئەو نەدەگەیشت. (عەلەوی، ٢٠١١: ٢٠) ئەمەش هۆکارێکی بنەڕەتی بوو کە نەتوانێت وەکو سیاسییەک ئیدارەی عێراق بکات. ئەگەر لە کەسایەتی عەبدولکەریم قاسـم بکۆڵینەوە ناتوانین لەو ژیانەی تێیدا ژیاوە جیای بکەینەوە، لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا کاتی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

شـــۆڕشـــی(١٤ی تەموزی ١٩٥٨) لەو ژیانەدا قاڵ بۆتەوەو ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بیروباوەڕێکی پتەو لە کەســــایەتی‌و بیرکردنەوەو تێڕامانی خۆی بۆ دەوروبەر بەرجەســـــتە بکات، بەوەی کە هەمیشــــە بەرەنگاری چەوســــانەوەو زوڵم‌و زۆری داگیرکەران بوەســـــتێتەوە. (قەرەداغی، ٢٠٠٦: ٢٨-٢٩) عەبدولکەریم قاســــم لە باروودۆخی ژیانی خەڵکی عێراقدا پێگەیشــــت‌و گەورە بوو، ئەمەش وای لێکرد بیرکردنەوەی ڕزگارکردن‌و چاککردنی بارو گوزەرانی چینە چەوساوەکانی لادروست ببێت‌و نەش‌و نما بکات، پێی وابوو تا لە دەسەڵاتی داگیرکاری‌و ئینگلیزو حوکمڕانانی پاشــایەتی ڕزگار نەکرێن، لەو ژیانە ســـەخت‌و ناهەموارەی کە تێیدا ئەژیان ڕزگاریان نابێت. (عەلی، ٢٠٠٦: ٣٨) ئەم تێڕوانینەش تەواو پێچەوانە دەرچوو، چونکە دوای نەمانی پاشایەتی و هاتنە سەر حوکمی کۆماری، پەشێوی و پاشاگەردانی ڕووی لە عیراق کرد. هەمووان عەبدولکەریم قاسمیان بە مرۆڤێکی خاکەرایی، دڵسۆز، شێلگیر، کۆڵنەدەر لەکاردا، خواپەرست‌و قابیلی گەندەڵ نەبوون دادەنا، بەڵام ئەم پیاوە کاتێ حزبی شــیوعی دەســتی بە پرۆســەی گەورەکردن‌و ســتایش‌و پیاهەڵدان‌و ئامادەکردنی کرد، وەکو دیکتاتۆرێک لە عێراقدا گۆڕاو لەخۆبایی بوو. (یاســــین، ٢٠١٥: ٢١٣) ململانێی پارتەکان بووە هۆکاری لە ڕێ لادانی عەبدولکەریم قاســـــم‌و گومانی لێ پەیدا کردن، کاتێ ئەم پارتانە لە ڕۆژەکانی ســــەرەتای ڕابوونی شـۆڕشــەوە ئەوەندەیان بە شــان‌و باڵدا هەڵداو هەزاران ناوی قارەمانی‌و پاڵەوانی‌و مەزنی‌و داوێن پاکییان لێنا، دواتر هەر ئەو پارتانە داوای شتی وایان لێ دەکرد، کە ئەو بە هەڵگەڕانەوە لە هەڵوێستی پێشوویانی دەژمارد. (بارزانی، ٢٠١٢: ٦١-٦٩).

عەبدولکەریم قاسم تا ئەوکاتەش بیری لەوە نەدەکردەوە ببێتە سەرکردەی تاک‌و تەنیاو مەزنی وڵات، بەڵام ئاوازی تاکی عێراقی‌و گەلی عێراق دیکتاتۆرەکان دروســت دەکەن‌و دەیانکەن بە تاکڕەو و ســتەمکار، پاشــان دەســت بە ســکاڵاو گازەندەو کڕوزانەوەو دادو بێداد لە ئاکارو هەڵســوکەوتیان دەکەن‌و کودەتایان بەســەردا دەکەن‌و دەیانکوژن‌و لەناویان دەبەن. (یاسـین، ٢٠١٥: ٢١٢) لەوبارەیەوە عەبدولکەریم قاسـم دوای چوار مانگ لە بەرپابوونی شۆڕش لە کۆنگرەی پارێزەراندا کە لە ئوتێل بەغداد بەسترا، دوای ئەوەی لەناوکۆنگرەکەدا زێدە ڕۆییانە زۆرێک ســــتایشـــــیان کردو پێیاندا هەڵداو گەورەیـان کرد، بە محەمەد حەدیدی وەزیری دارایی حکومەتەکەی دەڵێت:" ئەبو هەیسەم دەترسم هەر بەڕاستی لەخۆبایی بم". (بطاطو، ١٩٩٩: ١٤٦-١٤٧).

حزبی شــیوعی لە پێناو بەکردەیی لاوازکردنی عەبدولســەلام عارف‌و ڕێکخســتنەوەی جەماوەرو شــەقامی عێراقی، دروشــمی دیکتاتۆری (ماكو زعيم الا كريم)ی هێنایە پێش، ئەمەش لەکاتی ڕۆشـتنی عوسـمانییەکانەوە بەیەکەمین هەوڵ بۆ دروســـتکردنی دیکتاتۆر لە عێراقدا دادەنرێت، ئەم هەوڵەش ســــەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەســتهێنا، بەردەوام‌و لە هەموو شــوێنێک ئەم دروشــمەیان لە شــێوەی گۆرانی میللی بە شــێوازی ســادەی زمانی بازاڕی دەگوتەوە. (یاسین، ٢٠١٥: ٢١١-٢١٢ ).

کەســایەتی قاســم وەک هەموو کەســانێکی تر چاکەو خراپەی هەبووە، هەرچەندە هیچ کەســێک نەیتوانیوە تانەو تەشەر لە هەستی نەتەوایەتی‌و ئەمانەتی لە بەرامبەر بەرژەوەندییەکانی گەلدا بدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قاســـم چەندین هەڵەو کەم‌و کورتی تایبەتی هەبووە، کە یا بە پیلان‌و داوای نەیارانی بووە، یاخود لەبێ



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ئەزموونی سیاسی خۆی بووە، یەکێک لە هەڵە گەورەکانی قاسم ئەوە بوو نەیتوانی هاوسەنگیەک لە نێوان ئەنجامدەرانی شۆڕش‌و هەڵگەڕاوەکانیدا دروست بکات، بەتایبەتی دوای دەرکردنی یاسایی چاکسازی کشتوکاڵی‌و دامرکانەوەی چینی دەسەڵاتدارانی خاوەن موڵک‌و دەرەبەگەکان کە هاوکاری زۆری سەرخستنی شۆڕشیان کرد، بەوهۆیەوە دەرەبەگ‌و موڵکدارەکان لە ئاست کارەکانی قاسم زیاتر توڕەترو دڕندەتر بوون‌و لە پێناو لەناوبردنی قاسم‌و دەسەڵاتەکەی ئامادەگی زیاتریان تێدا بوو بۆ هاوکاریکردنی نەیارانی شۆڕش. (الحمداني، ٢٠١٢: ٦١- ٦٢) لێرەشدا چ ئەوانەی لە ناوخۆی عێراق‌و چ هێزە دەرەکییەکان کە لە ئەنجامی ئەو شۆڕشەوە زەرەرمەند بوون کەوتنە هەوڵی خۆش کردنی ئاگری ناکۆکییەکان، بۆ ئەوەی بارەکە بۆ سەردەمانی پێشوو بگەڕێتەوە، بە جیاواز لەوانەش شیوعییەکان‌و دیموکراتییەکان بیروڕای پێچەوانەیان هەبوو، داوای یەکێتی فیدراڵیان دەکرد، بەمەش شەقامی عێراقی ببووە جێگەی ململانێی ئەو لایەن‌و هەوادارانە، دواتر بارەکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو گرژی‌و دواجاریش خوێن ڕشتنی لە نێوان بەعسییەکان‌و نەتەوەییەکان لەلایەک‌و شیوعییەکان‌و دیموکراتییەکان لەلایەکی دیکەی لێکەوتەوە. (ئەمین، ٢٠١٠: ١٨٧) پەیوەندیەکانی قاسم بەرامبەر بە پارت‌و ڕەوتە سیاسییەکان پێش شۆڕشی(١٤)ی تەمموز بە وریایی‌و بێ دەنگی جیادەکرایەوە، لەسەرتاشدا پەیوەندی لەگەڵ حزبی شیوعی‌و حزبی دیموکراتدا هەبوو. (رمن، ٢٠١٣: ٤٨) ئەم لێک نزیک بونەوەیەیی قاسم لە شیوعییەکان دواتر سەرئێشەیەکی زۆری بۆ دروستکرد.

بۆ ئەم مەبەستەش یەکێک لەو تۆمەتانەی دەخرایە پاڵ عەبدولکەریم قاسم تۆمەتی شیوعی بوون بوو، (عەقید تاهر یەحیا) کە یەکێک بوو لە ئەندامانی لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز و دەڵێت:" قاسم لە ساڵی(١٩٥٦) شیوعی بووەو زۆر لەوەش دڵنیام، هەروەها (مولازم فالح حنظل) دەڵێت: (خرۆشۆف) سەرۆک وەزیرانی یەکێتی سۆڤیەت لە لێدوانێکدا لە ساڵی (١٩٦٤)دا لە ئەسوان لە میسر ئاماژەی بەوە کردووە کە چوارساڵ پێش (١٤)ی تەمموز قاسم پەیوەندی فەرمی بە حیزبی شیوعییەوە کردووە". (الزبيدي، ١٩٨١: ٣٢٩) قاسم لەلایەنی مەیلی سیاسییەوە هەرچەندە خوێندنەوەی بۆ ئەدەبیاتی مارکسی هەبوو، بە چاکسازی ناوەندی دیموکراتی کاریگەر بوو، بەڵام نەمارکسی بوو نەدیموکراتیش بوو، لە سەرەتای ژیانیدا هەوڵیدا لە بزوتنەوەی نەتەوایەتی نزیک بێتەوە بەڵام دواتر لێی دوورکەوتەوە. (رشـيد، ٢٠٠٢: ١٤٠) ئەمەش پاساوێکی تری ڕەوتە نەتەوەییەکان بوو دژ بە قاسم.

بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە بەدرێژایی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم سیاسەتی لەگەڵ حزبی شیوعیدا لە هەڵبەزو دابەزدا بووە، هەرچەندە لە ساڵانی یەکەمی شۆڕشدا قاسم بۆ چەسپاندنی حکومەتەکەی پشتی بە حزبی شیوعی‌و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی وەکو هاوپەیمانێتیەک دژ بە دوژمن‌و دژە سیاسییەکانی خۆی بەست بوو، بۆیە قاسم ئازادییەکی تەواوی بە ڕێکخراوە میللیەکاندا کە روکاری حزبی شیوعی بوون، ئەم ڕێکخراوانە کاریان بۆ هێمن کردنەوەی شەقامی عێراقی بۆ پشتیوانی قاسم‌و پشت بەستن بە حکومەتە نیشتمانیەکەی کرد. (العگيلي، ٢٠١٣: ٥٦) بەڵام نزیکی شیوعییەکان لە عەبدولکەریم قاسمەوە وای کرد کە زاڵ بن بەسەر زۆربەی جومگەکانی دەسەڵات لە عێراقداو ڕێگەی کارکردنیشیان بۆ خۆشکردبوو، هەروەها


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

شـيوعييەكان پێيان وابوو ئەوانن عەبدولكەريم قاسـميان خسـتۆتە سـەر كورسـی دەسـەڵات، يا هيچ نا ڕۆڵی سـەرەكييان لەسـەرخسـتنيدا هەبووە، بۆيە شـەرعييەتيان بە هەموو كارێكی خۆيان دەدا، ئەمەش زياتر بەعسييەكانی قەڵسو تورە كردو زياتر ڕوبەڕويان دەوەستانەوە. (عمر، ٢٠١٥: ٢١).

لەماوەی دەسەڵاتی قاسمدا لە نێوان ساڵانی(١٩٥٨)و سەرەتای (١٩٦٣) شيوعييەكان توانيان بەتەنها حوكمی عێراق بگرنە دەسـت، ئەمەش دوای ململانێيەكی زۆری ڕەوتە سـياسـييە چەپو نەتەوەييەكان دەهات كە لە شـۆڕشـی(١٩٥٨)دا بەشـداربوون، ئەوانيش ڕەوتی ناسـری‌و بەعسـی‌و كۆمەڵە نەتەوەييەكانی عەرەب بوون. (اعيان، ٢٠١٣: ١٧٢) لەراستيدا قاسم دەيويست حزبی شيوعی دووربێت لە دەسەڵاتو لەگەڵ دژەكانی پێشووی لە نەتەوەيی‌و كۆنەپارێزو شوێن كەوتوانی دەسەڵاتی پاشايەتيدا بكەوێتە پيادەكردنی يەكسانی، بەڵام ئەم پلانە بەسـەر خۆيدا شـكايەوە، بەهۆی ئەو هێزانەی وابەسـتە بوون بە بەرژەوەندييە رۆژئاواييەكانەوە و بە هۆی شـۆڕشـەوە زەرەرمەند بوون و كەوتنە پلانگێڕی دژی قاسـمو هەوڵدان بۆ تيرۆر كردنی لە شـەقامی رەشـيد و كوشتنی لەڕێگەی ناردنی دەستەسرو زەرفی ژەهراوييەوە. (ناجي، ٢٠٠٩: ١٢٢).

موقەدەم جاسـم كازم عەزاوی كە سـكرتێری وەزيری بەرگری عەبدولكەريم قاسـم بوو دەڵێت:" قاسـم هيچ پەيوەندی‌و مەيلێكی سـياسـی نەبوو، سـەربە هيچ لايەنێكی سـياسـی نەبوو بەڵكو بەگوێرەی بيروباوەڕە تايبەتييەكانی خۆی حوكمڕانی ئەكرد".(الزبيدي، ١٩٨١: ٣٣٠) هەروەهـا (زەعيم عـارف عەبدولرەزاق) لەبارەی قاسـمەوە دەڵێت:"پياوێكی بەغيرەت بوو شـيوعی نەبوو بەڵام شـيوعييەكانی گرتە خۆی‌و ئەوانيش ئەويان گرتە خۆيان". (الزبيدي، ١٩٨١: ٣٣٢).

تەنانەت قاسـم هيچ هەوڵی بۆ پێكهێنانی حزبێكی سـياسـی نەدا، سـەرباری ئەوەی جەماوەرێكی زۆر خۆشـەويسـتيان بۆی هەبوو، زۆرێك لەو خۆبەخشـانەی هاتبوونە ريزيان پێيان ئەوتن قاسـمييەكان. (عەلەوی، ٢٠١١: ١٠٦) قاسـمی بەو مانايەی پياوی كەس نەبوو، پياوێك بوو ئەيويسـت وەكو خۆی بەشـەخسـی بگاتە سـەرەوەی دەسـەڵاتی سـياسـی‌و حوكمڕانی بۆ جێبەجێ كردنی ئەو بيروڕاو هەڵوێسـتانەی خۆی باوەڕی پێ بوو، چونكە دەيزانی تا دەسـەڵاتی حوكمڕانێتی نەگرێتە دەست ناتوانێ ئەو ئامانجە گەورانەی خۆی بەرقەرارو جێ بەجێ بكات. (عەلی، ٢٠٠٦: ٣٩–٤٠) قاسـمييەكان هيچ تيۆرێك يا هەڵوێسـتێكی نەگۆڕ ياخود رێكخسـتنێكی سـياسـيان نەبوو. (عەلەوی، ٢٠١١: ١٠٦) دەركەوتنی ئەم جۆرە رەوتە بۆ ئەو سـەردەمە شـتێكی تازە نەبوو، ناوی ناسری‌و قاسمييەكان لەو قۆناغە مێژوويەدا لەميسرو عێراق هاتبوونە ئاراوەوە، كە مەبەست لێيان شوێن كەوتووانو لايەنگرانی ئەو كەسـايەتييە سياسـيانە بوو، وەك رێكخسـتنی سياسـی بوونيان نەبوو. لەمبارەيەوە (عەقيد نوعمان ماهر كەنعانی) كە سكرتێری رۆژنامەنوسی قاسم بوو، دەڵێت قاسم خاوەنی بنەمايەكی سياسی ديارێكراو نەبوو بەڵكو بەپێی بنەما تايبەتييەكانی خۆی حوكمی دەكرد، كەسـێكی گوماناوی‌و سـەركێش بوو. (رشـيد، ٢٠٠٢: ١٤١) هەروەها (عەبدولەتيف شـەواف) كە لە حكومەتی يەكەمی كۆماريدا وەزير بوو، باس لەوە دەكات كە ئيسـماعيل عارف داوای لە عەبدولكەيم قاسـم كردووە حزبێكی تايبەت بەخۆی دروسـت بكات تا ئەو شوێن كەوتوانەی خوی بگرێتەوە كە وەك بنكەيەكی بەهێزو رێكخراو و پشتيوان بوون بۆ بنەماكانی شۆڕشی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

(١٤)ی تەمموز، بەڵام قاسـم بە ئیسـماعیل عارف دەڵێت:" ئەی تۆ بۆدروسـتی ناكەیت؟ لەوەڵامدا دەڵێت خەڵك دوای من نەكەوتوون دوای تۆ كەوتوون". (شبر، ٢٠٠٧: ٢١).

هەروەها قاسم نەچووبووە ناو هیچ حزبێكەوەو هیچ حەزو ئارەزوویەكی سیاسی دیارو ئاشكرای نەبووە، خۆی زۆرجار ئەمەی لە وتارەكانیدا دووبارە كردۆتەوە، زۆر لە هاوڕێكانیشـی پێش شـۆڕشو دوای شـۆڕش ئەمە ئەسـەلمێننو دووبارەی ئەكەنەوە، خۆشـی لە چاوپێكەوتنێكی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ (ئەنتونی ناتنك) وەزیری بەریتانی پێشـوودا دەڵێت:" من هەموو كات لەگەل هەموو گەلم من هەموو كات لە سـەرووی مەیلو لایەنەكانەوەم، من سەر بە هیچ گروپێكی دیاری كراو نیم، بەڵكو من سەربە هەموو گەلم لەگەڵ هەمووان ئیش دەكەمو بەرژەوەندی هەمووان ئەپارێزم لەگەڵ هەمووان ئەڕۆم، هەموو برامنو بۆ چاكەی گەل ئیش ئەكەین". (الزبیدي، ١٩٨١: ٣٣٢).

هەروەها لە وتاری ڕۆژی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٥٩ دەڵێت: "من سەربە هیچ كۆمەڵە یاخود حزبێكی دیاریكراو نیم گەر سـەربە كۆمەڵەیەكی دیاریكراو بم زۆر بیر تەسك دەبمو تەنها كار بۆ ئەو كۆمەڵەیە دەكەم، بەڵام من سەربە كۆمەڵم، ئەو كۆمەڵەش گەلەو پێویستە خزمەتیان بكەین". (شبر، ٢٠٠٧: ٢٠).

سـەرباری ئەم بێلایەنیەی قاسم كەچی بەزۆر لایەنگرییان بۆ دروست دەكردو كۆمەڵێك تۆمەتی ناڕاستیان بۆ دەهۆنیەوە، هەموو ئەمانەش تەنها لە پێناو لاوازكردنو دوورخسـتنەوەی بوو لە شـەقامی عێراقی. بەعسییەكان یەكێك بوون لەو لایەنانەی بەردەوام قاسمیان بە شیوعی یاخود لایەنگری شیوعییەكان تاوانبار دەكرد، كە گوایە ڕێگەی بۆ شیوعییەكان خۆشكردووە بەجۆرێك تەواو دەستیان بەسەر بەشێكی زۆری پێگە گرنگەكاندا گرتووەو كاریگەریان بەسـەر قاسـمەوە هەبووە، جگە لە تۆمەتی شـیوعی بوون، بەعسـییەكان قاسـمیان بەوە تۆمەتبار دەكرد كە باوەڕی بە بیری نەتەوەیی عەرەبی نەبووەو كاری بۆ نەكردووە، بەڵكو دژ بە نەتەوەپەرسـتانی عەرەبو ئەو یەكێتیەشـیان(٥) وەسـتاوەتەوە كە ئەوان بانگەشـەیان بۆ دەكرد، ئەمانە هەمووی هۆكاری ململانێو ناكۆكی نێوان قاسـمو بەعسـییەكان بوو، ڕۆژ بە ڕۆژیش گرژتر دەبوو. (عمر، ٢٠١٥: ٢٠).

لە بارەی یەكێتی عەرەبییەوە، قاسـم هەمیشـە جەختی لەوە دەكردەوە كە یەكێتی عەرەب، گەلانی عەرەبی بڕیاری لێ دەدەن، لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەوانیدا كە لە(٢٦ی تەممووزی ١٩٥٨) بەسـترا، لە وەڵامی پرسـیارێكدا لەبارەی جۆری ئەو پەیوەندییەی كەلە نێوان عێراقو كۆماری عەرەبی یەكگرتوودا دەبێت دەڵێت پەیوەندیمان لەگەڵ كۆماری عەرەبی یەكگرتوودا لەسـەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و بنەمای سـوودی هەردوو گەل دەبێت، حەزدەكەم جەخت لەوە بكەمەوە كە ئەم نیشتیمانە لەنێوان عەرەبو كورددا هاوبەشە. لەم ڕستەیەوە ئەوە دەردەكەوێت كە عێراق ئازاد نییە لە چوونە نێو یەكێتی عەرەبییەوە لەگەڵ میسرو سوریادا كاتێك بەشێك لە گەلی عێراقی سـەربە نەتەوەیەكی تر بێت. (علیوي: الحلقة الثالثة) ئەم بیركردنەوەیەی قاسـم هەڵقوڵاوی دەربڕینێكی عەقڵانیو ڕاسـتەقینەی بارودۆخی عێراق بوو بەڵام هۆكارێكیش بوو بۆ بەگژاچوونەوەی لەلایەن ڕەوتە ناسیۆنالیستە پەڕگیرەكانی وەك حزبی بەعسەوە، لێرەوە ئەم ڕەوتە لەوە دڵنیا بووەوە كە قاسم سورە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

لەســــەر لەناوبردنی هێزە نەتەوەییەکانو هەر ئەویش پشـــتیوانی شـــیوعییەکان دەکات، لێرەوە بیرۆکەی تیرۆرکردنی[٦] لەلایەن بەعسییەکانەوە هاتە ئاراوەوە. (احمد، حمیدي، ١٩٨٩: ٢١٤).

بە حوکمی ئەوەی بەعس خۆی بە حزبێکی نەتەوەیی سـەرتاسـەری دەزانیو بانگەشـەی ئەوەی دەکرد کە سنوورەکانی نێوان وڵاتانی عەرەبی دەسرێتەوەو یەکێتی نێوانیان دروستدەکات، بانگەشەی بۆ یەکێتی عەرەبی دەکرد، لەبەرامبەریشـدا عەبدولکەریم قاسـمیان وەک کەسـایەتییەکی دیموکراتخواز نمایش دەکرد کە دژ بەو جۆرە بیروبۆچونانە دەوەسـتایەوە. (عمر، ٢٠١٥: ٢٠) بۆیە هەموو ڕێگەیەکیان بۆ پاکتاو کردنی قاسـمو لایەنگرانی گرتەبەر. (نوعمان ماهر کەنعانی) دەڵێت: "قاسم لە سەرەتاوە ڕقی لە نەتەوەی عەرەب بوو، تەنانەت حەزی لێ نەبوو کە گوێی لە ناوی عروبەش بێت. کەنعانی ئەمە بۆ دوو هۆکاری تایبەتی دەگێڕێتەوە یەکەم: بەهۆی ئەوەی قاسم بە ڕەچەڵەک عەرەب نەبووە،[٧] دووەم بەهۆی کوشتنی کوڕی پورەکەی (لیوا محمد عەلی جەواد) سـەرۆکی هێزی ئاسمانی لە سـەردەمی بەکر سدقیدا، کە لە سـەردەستی ئەفسـەرە نەتەوەخوازەکانی عەرەب لە موسڵ کوژرا". (الزبیدي، ١٩٨١: ٣٤٠؛ مردان، ١٩٨٩: ص٣٥).

بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونانەوە دەربڕینەکانی قاسـم لەسـەر ئاسـتی عێراق زیاتر نەتەوەیی بوون، قاسـم دەیویسـت هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکان لە بۆتەی عێراقدا بتوێنێتەوەوە، تەنها لە ڕووی پەیوەندییە مێژوویيو سیاسیو ئابوورییەکانەوە لەگەڵ دراوسێکاندا لە پەیوەندیدا بێت. بنیادی یەکێتی عێراق تاکە دەرچە بێت بۆ جیهانی دەرەوە، نەک پشـت بەسـتن بە ئایدۆلۆژیای دەرەکی یان نەتەوەیی بۆ بەهێزکردنی ناوخۆ. (شبر، ٢٠٠٧: ٢٠) تەنانەت لە کودەتای بەعسییەکانیشدا نەیانتوانی هیچ تۆمەتێکی سەلمێنراو بدۆزنەوە کە ببێتە مایەی سـڕینەوەی هەسـتە نیشـتیمانییەکەی، (الحمداني، ٢٠١٢: ٦١– ٦٢) ئەوەتا لەسـەر زاری (عەلی سـاڵح سەعدی) ئەمینداری پێشووی سەرکردایەتی هەرێمی حزبی بەعس لە عێراق بەم جۆرە پێناسەی قاسم دەکاتو دەڵێت" قاسـم پێشـەوایەکی نیشـتیمان پەروەری پێشـکەوتووخوازو بەجەرگو ئازابوو، بەڵام هۆیەکانی بۆ گەیشتن بە ئامانج بە پێچو پەنا بوو". (رشید، ٢٠٠٢: ١٤١).

قاسـم یەکێتی گەلی عێراقی لە یەکێتی عەرەبی پێ گرنگتر بوو، بۆیە تاکە بابەت کە لە وتارەکانیدا ڕەنگی دابۆوە بە چاوپۆشـی لەو کۆمەڵانەی وتاری بۆدەدان، یەکێتی عێراق بوو. (رحمن، ٢٠١٣: ٨٠) لە وتاری ڕۆژی (٨/٨/ ١٩٥٨)دا دەڵێت:" ئەی برایانم، ئامۆژگاریتان دەکەم بە یەکێتیو دابەشـنەبوونو ڕێگەنەدان بەهیچ کەلێنو بۆشاییەک کە ببێتە دەرچەیەک بۆ دەسەڵاتی بیانی". (شبر، ٢٠٠٧: ٣١).

(مستەفا عەلی) وەزیری دادی سـەردەمی قاسم ئەڵێت بیروباوەڕی قاسـم نیشـتمان پەروەری بوو لە دوای خوا گەلی عێراقی ئەپەرست، هەروەها ئەڵێت شۆڕشێکی هێنا بەڵام هۆی لەناوبردنەکەشی لەگەڵ خۆی هێنابوو بەوەی عبدالسـلام عارفی لەگەڵ خۆی هێنا. (عەلی، ٢٠٠٦: ٤٣) چونکە عەبدولسـەلام عارف یەکێک بوو لە عەرەبە نەتەوەییەکان، ململانێیەکی زۆر لە نێوانیاندا بوو.

پێناسـەی عەرەبە نەتەوەییەکان بۆ قاسـم بەو جۆرە بوو کە چەند خەسـڵەتێکیان لە کەسـایەتی قاسـمدا دەخستە ڕوو، وەک خەسڵەتی سـەرکێشیو پیلانگێڕیو دروستکەری سیخوڕو هەلپەرستو...هتد. (الحصري،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

١٩٦٣: ١٢١-١٢٢) هەر لەلایەن عەرەبە نەتەوەییەکانەوە تۆمەتی شـعوبیەتیان بۆ هەڵبەسـت بوو، مەبەسـت لە شـعوبیەت دوژمنی نەتەوەیی عەرەب بوو، بەڵام لە تێگەیشـتنی عەرەبی عێراقیدا بەواتای دەرچون لە کلتوری تایەفەگەری دژی شیعەی عەرەب دەهات، ئەوەی زانراوە کە لەسەردەمی قاسمدا کار بە تایەفەگەری نەدەکراو تەنها بە ئینتیمای هاوڵاتی بوون ڕەفتار لەگەڵ عێراقییەکاندا دەکرا، بەبێ حسـاب کردن بۆ ئینتیمای ڕەگەزی یاخود ئاینی، یان مەزهەبی. (حسین، ٢٠٠٧: ١٧٠-١٧١). لەبارەی ئازادیە ئایینیو مەزهەبییەکانەوە لە وتارێکیدا لە( ١٩ی تەمموزی ١٩٥٩) لە کەنیسەی ماریوسف لە بەغداد دەڵێت:" وەستانم لەم شوێنەدا بۆخۆی داننانمە بە ئازادی ئایینیو ڕاوبۆچوونە جیاوازەکانو سەرجەم ڕەوتە تایەفەگەرییەکانی ئەم وولاتە". (بدون اسم المؤلف، ١٩٦٠: ٤٢).

لە بەرامبەر ئەو تۆمەتانەدا کەسـانی وەک محەمەد حەدید کە وەزیر بوو لەسـەردەمی قاسـمدا لە بارەی قاسـمەوە بەم جۆرە دەدوێت:"بڕوایەکی تەواوم لا دروسـت بوو کە قاسـم دروسـتترین کەسـایەتی بوو بۆ سـەرۆکایەتی شـۆڕش، بەو پێیەی کە مەیلی دیموکراتیم تیا بینیو لە ڕووی مامەڵە کردنو دوورکەوتنەوە لە ڕقو کینەو لە پەیوەندییەکانیدا بێ لایەن بوو، یەکسانخوازو عاقڵ لە ڕاو گفتوگۆدا، دوورکەوتنەوە لە سەرشێتی لە قسەو هەڵوێستەکانیدا. بەهۆی کارکردنم لەگەڵ قاسمدا سەرباری نارەزاییم لەو شێوازەی کە دەیگرتە بەر لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، بەڵام بینیم کە مرۆڤێکی سادەو خاوەن دڵێکی باشو نیشتمانی بوو، کە کاری بۆ زامن کردنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتو خۆشی گەلەکەی دەکرد". (حدید، ٢٠٠٦: ٤٦٨-٤٦٩).

دوژمنانی قاسم هەر بەوەوە نەوەستان بەڵکو تۆمەتی شێت بوونیشیان بۆ دروست کردو لە نوسینەکانیاندا ئەم بۆچوونانەیان بڵاوکردەوە نموونەی وەک فەیسـەڵ حەسـون، ناوی ابو جنیە واتا شـێتیان لێنا بوو. یەکەم کەسێک کە ئەم تۆمەتەی داهێنا ڕۆژنامەنوسـی دیاری میسـری محەمەد حەسـەنین هەیکەل بوو کە بانگەشـەی ئەوەی کردووە کاتێک دەربارەی سـەرکردەکانی شـۆڕش لە سدیق شـەنشـەلیان پرسـیوە وەڵامی داوەتەوە کە (قاسـم نیوە شـێتو عەبدولسـەلام عارف نیوە عەقڵە)، بەڵام لە ڕاسـتیدا پەیوەندی شـەنشـەل بە قاسـمەوە بەجۆرێک بووە زۆر ئەسـتەمە قسـەی وای کردبێتو لەیەکێک لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی بەریتانیادا باس لە چاوپێکەوتنی باڵیۆزی بەریتانی دەکات لە ماڵی شەنشەل لە بەغدا دوای دەست لەکارکێشانەوەی لە حکومەت، تەنانەت لەوکاتەشـدا وێنەیەکی قاسـمی لەسـەر تەلەفزیۆنەکەی داناوەو ڕێزێکی زۆری لێگرتووە، ئەمەش ئەو وتەیەی هەیکەل بەدرۆ دەخاتەوە کە بەوە ناسـراوە چیرۆکی ڕۆژنامەوانی سـاختە بڵاو دەکاتەوە بۆ بەلارێدا بردنی ڕای گشتی جیهانی عەرەبی. (حسین، ٢٠٠٧: ١٧٠-١٧١).

هەندێکی تر دەڵێن عەبدولکەریم قاسـم پەیوەندی بە ئینگلیزەوە هەبووە، بەڵام لە راسـتیدا قاسـم نەتەوەیی بوو، نە شـیوعی بوو نە ئیشـتراکیو نە دیموکراتیو نەسـەر بە ئینگلیزیش بوو. (الحصـري، ١٩٦٣: ١٢١) قاسـم بەخۆشـەویسـتی نیشـتیمانو چینە هەژارەکانی عێراق ناسـرابوو. (شـێرکۆ،٢٠٠٧: ٢٩) دڵسـۆزی عێراق بوو، پەیوەندی بەهیچ لایەنێکی حیزبیو بیانییەوە نەبوو.(رشـید، ٢٠٠٢: ١٤٠) سـیاسـەتی پێکدادانی حیزبە سـیاسـییەکانی عێراق لەلایەن قاسـمەوە دەمانگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی کە قاسـم پەیوەندی حیزبی لەگەڵ هیچ


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

کام لەو پارتانە نەبووە، ئەوانەی ئەڵێن قاسـم شـیوعی بووە ئەو ڕەفتارەی قاسـم بەکاریهێنا بۆ لێدانی حزبی شیوعی بەتایبەتی لە دوای مانگی تەموزی (١٩٥٩) هەتا ساڵی (١٩٦٣) پێچەوانەی ئەو بۆچوونانە ئەسەلمێنێت .

ئەنجامی ئەو بارودۆخەی باسـمان کرد عێراقی بەرەو تاکڕەوی برد بەتایبەت دوای ئەو هەموو پاڵپشـتیەیی شـیوعییەکانو دیموکراتییەکان بۆ قاسـم، کاریگەری هەبوو لەسـەر ئەوەی بۆ تۆکمە کردنی پلەو پایەی هەندێ هەنگاو باوێت، یەکێک لەو هەنگاوانە لادانی عەبدولسەلام عارف لە پۆستەکەی بوو، دواجاریش دورخستنەوەی ناوبراو بوو بۆ دەرەوەی وڵات بەمەبەسـتی دامەزراندنی بە باڵوێزی عێراق لە ئەڵمانیا. (ئەمین، ٢٠١٠: ١٨٧) ئەم هەنگاوانە کاریگەری لەسـەر سیاسـەتی قاسمو دەسـەڵاتەکەی دروست کرد. لەمبارەیەوە مەسعود بارزانی دەڵێت:"من پێم وایە حزبەکان بەرپرسیارێتیەکی گەورەی مێژووییان کەوتۆتە سەر لەو کارەساتو مەینەتیانەی بەسـەر عێراقدا هاتن، چونکە ئەگەر ئەوان بەرەی یەکێتی نیشـتمانییان ڕابگرتایەو بەرژەوەندی تەسـکی حزبەکەی خۆیان وەلاوە بنایە ئەم هەموو کەسـاسـیو مەینەتی ئەو سـەردەمەی گەلی عێراقیان لە کیسـدا دەمایەوە. لەبەر حزبەکان بوو خۆیان بەرژەوەندی عێراق هەڵسـەنگێنن پێش ئەوەی ئەو داوایە لە عەبدولکەریم قاسم بکەن". (بارزانی، ٢٠١٢: ٦١-٦٩).

هەرچۆنێک بێت دواجار کەسـایەتی قاسـم لە نێوان حوکمی کۆمۆنیسـتیو نەتەوەییەکاندا شـێوێندراو وەک کەسـێکی تاکڕەوو دیکتاتۆر ناسـێندرا، ئەمانە لەلایەنی مێژووییەوە وەک قۆناغێکی ململانێی سـیاسـییەکان ئەژمار دەکرێت، بەڵام لە ڕووی کەسایەتییەوە هەرگیز ناتوانرێت ئەو ڕاستییە بشاردرێتەوە کە قاسم باشترین دەسـتە بژێری حوکمڕانی بوو بۆ عێراقو باشـترین دەسـتکەوتە دیموکراتییەکان لە پێدانی مافی گەلانی عێراقدا لە سـەردەمی دەسـەڵاتی قاسمدا بەدیهاتنو نموونەیەکی جوانی دەسـەڵاتدارێتی خستە ڕوو، قۆناغەکانی دواتری دەسـەڵاتدارانی عێراق بە تەواوی ئەو ڕاستیە پشت ڕاست دەکەنەوە. بۆیە بەشێکی زۆری سیاسـیو نووسەران کۆکن لەسـەر ئەوەی لەسـەردەسـتی قاسـم کۆمەڵێک گۆڕانکاری ڕیشـەیی کرانو کۆمەڵێک یاسـا دەرکران لە بەرژەوەندی چینی هەژارو بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووریو کەرتە خزمەتگوزارییەکانو لە ڕووی سیاسیشەوە دەسـتورێکی بەهێزی دانـاو بۆیەکەمجـار کورد وەک نەتەوەی هـاوبەش لە عێراقدا دانی پێدا نرا. هەر ئەم دەستکەوتانەش کەسایەتی قاسم لە یادەوەری تاکی عێراقیدا دەهێڵێتەوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

**ئەنجام:**

١-درووســـت بوونی ئەفســـەرانی ئازادیخواز لە نێو پێکهاتەی ســـوپادا، بۆ بەگژاچوونەوەی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی عێراقی تێیکەتبوو، دەروازەی گۆڕانکارییەکی گرنگی لە عێراقدا هێنایە کایەوە، کە جگە لە گۆڕینی ســـیســـتمی ســـیاســـی، دەروازەیەکیش بوو بۆ کاری پێکەوەیی پارتو ڕێکخراوە ســـیاســـییەکانی عێراق لە نێو بەرەیەکدا، هەرچەندە ئەم پارتانە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە چەند ڕەوتێکی نەتەوەیی راســـیســـتی لەخۆ گرتبوو دەرفەتیان بە کارکردنی بەشـــێک لە پارتە ســـیاســـییەکانی ئەوکاتەی شـــانۆی ســـیاســـی عێراق نەدا، ئەمەش سەرەتایی دروستبوونی رەوتی راسیستیو پەرگیری عەرەبی لە عێراقدا هێنایە ئارا.

٢-پەیوەندی ئەفسەرانی ئازادیخوازو خودی عەبدولکەریم قاسم لەگەڵ سەرجەم پارتەکانی ئەو کاتەی بەرە وەک یەک نەبوو، بەجۆرێک قاســـم لە هەندێک لە پارتو ســـەرکردەی پارتەکان پەیوەندییەکی پتەوتری هەبوو، ئەمەش کاریگەری لەسەر تێڕوانینی بەشێک لە پارتەکان دروست کردوو هۆکارێک بوو بۆ فشارو مەترسی بۆ دەسەڵاتی قاسم دوای شۆڕش.

٣-ئەم هۆکاری لێک نزیکبوونەوەیەی قاســـم لە بەشـــێک لە پارتەکان بەتایبەتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حزبی شـــیوعی عێراق، هۆکارێک بوو بۆ کرانەوەی دەســـەڵاتی ســـیاســـی بە ڕووی ئەم پارتەداو لێرەوە شـــیوعییەکان توانیان تاڕادەیەکی زۆر پاوانی شـــانۆی ســـیاســـی عێراق بکەن، هەر ئەم دەروازە کردنەوەیەش بووە هۆکاری لاوازی پێگەی قاســـمو تاوانبارکردنی بە کەســـێکی کۆمۆنیســـتو لایەنگری شـــیوعییەکان، ئەمەش پاســـاوی دایە دەست پارتە نەتەوەییە پەڕگیرەکانەوە دژ بە دەسەڵاتی قاسم بکەونە جوڵە.

٤-هۆکارێکی تری دژایەتی دەســـەڵاتی قاســـم لەلایەن نەتەوەییەکانەوە دیدی قاســـم بوو بۆ یەکێتی عەرەبی، ئەو یەکێتیەی بەعســـییەکانو نەتەوەییەکان بانگەشـــیان بۆ دەکردو قاســـمیان بە ڕێگر لەبەردەم ئەو یەکێتییەدا دەبینی، بەڵام لە ڕاستیدا قاسم دیدێکی پێچەوانەی ڕەوتە نەتەوەییەکانی هەبوو بۆ یەکێتی عەرەبیو پێی وابوو ئەم کارە پێویســـتی بە هەنگاوی لەســـەرخۆو پلە بە پلەیە، هەروەها گەلی عێراق لە بڕیاری چوونە نێو یەکێتی عەرەبی بەتەنیا نییەو نەتەوەی کورد وەک بەشێک لە پێکهاتەی عێراق مافی دەنگدانیان هەیە لە چوونە نێو ئەو یەکێتییەوە. ئەمە جگە لەوەی قاسم یەکێتی عێراقی بە گرنگترو لە پێش تر دەبینی.

٥-هەر لە پێناو لەســـەر کارلابردنی قاســـم، جگە لە ململانێی بەعســـییەکانو کۆمۆنیســـتەکان، قاســـم بەوە تاوانبار دەکرا کە کەسێکی دژ بە نەتەوەی عەرەبەو بۆ ئەمەش هۆکاری خۆییو سیاسیشیان کردبووە پاساو، لەوانە قاسم خۆی بەرەگەز کەسێکی عەرەبی ڕەسەن نییە، بەوپێیەی دایکی کوردە، هەرئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی لەســـەردەمی دەســـەڵاتی ئەودا کرانەوەی ســـیاســـی بە ڕووی کورددا کردۆتەوە، هۆکاری دیکەی ڕق لێ بوونەوەی نەتەوەیی عەرەبیـــان دەگێڕایەوە بۆ ڕووداوی کوشـــتنی کەســـێکی نزیکی لەلایەن بەعســـییە نەتەوەییەکانەوە، بەڵام لە ڕاســـتیدا ئەمانە دووربوون لە ڕاســـتیەوە بەجۆرێک نەتوانراوە ئەوە بســـەلمێنرێت کە قاسم کەسێکی دژ بە نەتەوە بووە داماڵراو بووە لە هەستی نەتەوایەتی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

٦-تاوانبارکردنی قاســم بە شــعوبییەتو دنەدانی تایەفەگەری لە عێراقو تەنانەت تۆمەتی شــێتیش، هەموو ئەمانە لە پێناو ناشیرین کردنو دوورخستنەوەی قاسم بوو لە شەقامی عێراقیو شێواندنی ئەو وێنایە بوو کە ماوەیەکی زۆر بوو کاریان لە گەورەکردنی دەکرد، بە جۆرێک نازناوی (ماکو زعیم، الا کریم) ببووە هوتافی ســـەرەکی ســـەرزاری خەڵکی، ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە زۆر گەورە کردنی قاســـمو پیاهەڵدانی زیاد لە پێویست، قاسمی بەرەو ئاڕاستەیەکی هەڵە بردو بۆ زاڵ بوون بەسەر بەربەستەکاندا پەنای بردە بەر حوکمی تاکڕەویو بەکارهێنانی زەبرو زەنگ، ئەمەش هۆکارێکی تری لە ناوبردنی دەسەڵاتەکەی قاسمی هێنایە پێش.

٧-لەگەڵ هەموو کەمو کورتیو هەڵەکانی قاســـمدا بەڵام قاســـم بێ بەری بوو لەو تۆمەتانەو کەســـێکی ســـەربەخۆ بوو، باوەڕی لەگەل هیچ حزبو ڕەوتێکی ســیاســیدا نەبوو، هەروەها دەســتکەوتەکانی ســەردەمی قاسمیش دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە باشترین دەستەبژێری حوکمڕانی بوو لە عێراقدا لە کۆنەوە تا ئێستا.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

# The Character of Abdulkarim Qasim is Between National and Communist Discourse

**Suzan Karim Mustafa**
Department of History, College of Humanities, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Suzan.mustafa@univsul.edu.iq

**Abstract:**

In the revolutions of history, an individual or leader is always given a higher role than all perpetrators of events, leaders have always been recognized as heroes in history, and a leader has faced all the factors of success and failure. In all societies, one or more people have always appeared and dominated the entire political and economic spheres of the country, a factor in the self-perception of history, or the hegemony of history, while the achievements of history belong only to one or the first leader, the total number of participants in the process of changing roles and his Impact on the direction of events.

Abdul Karim Qasim is an example of a leader in Iraq who went from revolution to dictatorship, while people looked at him with hope and described him as a leader who changed the course of history, the reason for his failure was the conflict between political parties and the international community.

This study is the gateway to getting to know Abdul Karim Qasim's personality from the point of view of his opponents. In this two-part study, we discussed the beginnings of Abdul-Karim Qasim's relations with political parties, and the views of the nationalist and communist parties towards Abdul-Karim Qasim, relying on several sources of different ideologies.

**Key words:** Party, July Revolution, Abdul-Karim Qasim, Communist, Free Officers.

## سەرچاوەكان:

مستەفا، سوزان کەریم. (٢٠١١). لێکدانەوەی راسیزم بۆ مێژوو، کەمالیزمو بەعسیزم وەک نموونە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی مێژوو، تێزی دکتۆرانامە، بڵاونەکراوە.

الزرداوي، راكان حمه امين رشيد. (٢٠١٢). نشاة وعلاقة الحزب الديمقراطي الكردستاني مع الحكومات و الاحزاب السياسية العراقية للمدة من ١٩٤٦ لغاية ٢٠٠٣، اطروحة دكتوراه، جامعة سانت كليمنت العالمية، قسم العلوم الانسانية.

الركابي، قابل محسن كاظم. (٢٠١١). الحياة الحزبية في العراق ١٩٥٨- ١٩٦٨، اطروحة دكتوراه مقدم الى جامعة سانت كليمنت العالمية.

ئەمین، ئەحمەد حەمە. (٢٠١٠). چەند لاپەرەیەک لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ عێراق، هەولێر.

بارزانی، مسعود. (٢٠١٢). بارزانیو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی دووەم ١٩٥٨- ١٩٦١، هەولێر.

الحمدانی، حامد. (٢٠١٢). چەند لاپەرەیەک دەربارەی مێژووی نوێی عێراق، لە شۆڕشی چواردەی تەموزەوە بۆ جەنگی دووەمی کەنداو، و/ شەماڵ ئەحمەد، سلێمانی.

خۆشناو، فەیسەڵ ڕەسوڵ. (٢٠١٨). بایۆگرافیای ئەفسەرانی کورد، بەشی یەکەم، هەولێر.

سابر، یاسین. (٢٠٠٩). ئینسایکلۆپیدیای گشتی، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، سلێمانی.

ساڵح، عەبدولقادر. (٢٠٠٥). شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لە عێراق، سلێمانی.

شێرکۆ، فەرزەند. (٢٠٠٧). عیراق قەیرانی ئاسایشی ستراتیژی بنیاتنانەوەی، سلێمانی.

علی، رەشید محمد. (٢٠٠٦). عەبولکەریم قاسم لە تەرازووی ویژداندا، سلێمانی.

عومەر، د.سەروەر عەبدولرەحمان. (٢٠١٩). حزبی شیوعی عێراق و مەسەلەی کورد(١٩٣٤- ١٩٧٥)، سلێمانی.

عەلەوی، حەسەن. (٢٠١١). عەبدولکەریم قاسم تێڕوانین پاش بیستساڵ، هەولێر.

قەرەداغی، خالد شێخ عبدالرحمن. (٢٠٠٦). رەئیس مصطفی عبدالله لە شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨دا، سلێمانی.

مار، فیبی. (٢٠١٠). مێژووی نوێی عێراق، و/ حەمەشەریف حەمەغەریب ، شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، هەولێر.

مستەفا، سوزان کەریم. (٢٠٠٧). بەعسیزم و کورد، سلێمانی.

یاسین، باقر. (٢٠١٥). ریشەکێشکردن و دیکتاتۆریی تاکباوەڕی لە عێراقدا، و/ سەباح ئیسماعیل، سلێمانی.

ابراهيم، ابراهيم محمد محمد. (١٩٩٨). مقدمات الوحدة المصرية السورية ١٩٤٣- ١٩٥٨، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب.

احمد، د.ابراهيم خليل. (١٩٨٩). جعفر عباس حميدي(الدكتور): تاريخ العراق المعاصر، الموصل.

اعيان، احمد باش. (٢٠١٣). انقلاب ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق خلفياته وذيوله مع موجز عن العهد القاسمي ١٩٥٨- ١٩٦٣، لندن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

بادي، د.ميڤان عارف. (٢٠٠٨). موقف الاحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية ١٩٤٦-١٩٧٠، اربيل.

البدراني، د.فاضــل محمد حســين. (٢٠٠٥). الفكر القومي لدى الاحزاب و الحركات الســياســية في العراق ١٩٤٥-١٩٥٨، بيروت.

بدون اســم المؤلف. (١٩٦٠). مبادىء الثورة ١٤ تموز في خطب ابن البار الزعيم عبدالكريم قاســم ١٩٥٩، الجزء الثاني، جمهورية العراق.

بطاطو، حنا. (١٩٩٩). العراق، الشــــيوعيون و البعثيون والضـــــباط الاحرار، ت/ عفيف الرزان، الكتاب الثالث، ط٢، بيروت.

البوتاني، د.عبدالفتاح على (٢٠٠٧): موقف الاحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية ١٩٤٦-١٩٧٠، دهوک.

حديد، محمد. (٢٠٠٦). مذكراتی، الصراع من اجل الديموقراطية في العراق، بيروت.

حرفوش، اياد. (٢٠١٤). الجمهورية العربية المتحدة حقائق الوحدة والانفصال، دار عروبة.

حسين، عبدالخالق. (٢٠٠٧). ثورة و زعيم، دراسة في ثورة ١٤تموز العراقية و عبدالكريم قاسم، ط٢، بغداد.

الحسيني، جعفر. (٢٠١٣). ثورة في العراق (العراق ١٩٥٨- ١٩٦٣) نقد تجربة الدولة العراقية في العهدين الملكي و الجمهوري، بغداد.

الحصري، خلدون ساطع. (١٩٦٣). ثورة ١٤ تموز و حقيقة الشيوعيين في العراق، ط٢، بيروت.

حميدي، د.جعفر عباس. (١٩٨٠). التطورات والاتجاهات السياسية الداخلية في العراق ١٩٥٣- ١٩٥٨، جامعة بغداد.

خليل، عادل غفوري. (١٩٨٤). احزاب المعارضة العلنية في العراق ١٩٤٦-١٩٥٤، بغداد.

الدوري، سيف الدين. (٢٠١٠). علي صالح السعدي، نائب رئيس الوزراء ووزير الداخلية و سلطة البعث الاولى في العراق ١٩٦٣، بيروت.

رحمن، شهاب احمد. (٢٠١٣). الاغتيالات السياسية في العراق، اربيل.

رشيد، د.عبدالوهاب حميد. (٢٠٠٢). العراق المعاصر، دمشق.

الزبيدي، ليث عبدالحسن. (١٩٨١). ثوره ١٤ تموز في العراق، ط٢، بغداد.

السبع، د.جواد رضا (الدكتور): جماعة الاهالي وبرنامجهم في الديمقراطية الاجتماعية، كلية اداب، جامعة واسط.

شبر، ماجد. (٢٠٠٧). خطب الزعيم عبدالكريم قاسم ١٩٥٨- ١٩٥٩، لندن.

شــريف، د.عبدالســتار طاهر. (٢٠٠٧). الجمعيات و المنظمات والاحزاب الكوردية في نصــف قرن ١٩٠٨- ١٩٥٨، سليمانية.

العاني، وســيم رفعت عبدالمجيد. (٢٠١٧). الزعيم الجاســوس، حقيقة الجاســـوس الاســـرائيلي الامريكي جمال عبدالناصر، بغداد.

العگيلي، محمود جوار. (٢٠١٣). ١٤تموز ثوره وانحراف، بغداد.

عليوي، هادي حسن. (٢٠٠١). الاحزاب السياسية في العراق السرية و العلنية، بيروت.

مردان، جمال مصطفى. (١٩٨٩). عبدالكريم قاسم البداية و السقوط، بغداد.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ناجي، د.طه. (٢٠٠٩): ثورة العراق المجيدة ١٤ تموز ١٩٥٨ و الرهان على العســـكر، دار الرواد المزدهرة للطباعة و النشر.

عمر، د.ســـەروەر عبدالرحمن. (٢٠١٥). پێگەی حزبی شـــیوعی عێراق لە ململانێی نێوان قاســـمو بەعســـیەکاندا ١٤تەموزی ١٩٥٨- ٨ی شـوباتی ١٩٦٣، گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردســتان، بەشــی(B)، خولی ســێیەم، ژمارە ٢، سلێمانی.

محمد، نعيم جاسم ، دعاء الهادي محمد. (٢٠١٩). دور الشخصيات السياسية و العسكرية الموصلية في التطورات السياسية الداخلية في العراق(١٩٥٨- ١٩٦٣)، مجلة جامعة بابل للعلوم الانسانية، المجلد ٢٧، العدد٥.

عليوي، هادي حسن: علاقات عبدالكريم قاسم بالاحزاب السياسية، العلاقات مع القوميين و البعثيين، حلقة الثالثة. (www.kitabat.com).

عليوي، هادي حسن: القصة الكاملة لمحاولة فاشلة في اغتيال الزعيم عبدالكريم قاسم. (www.kitabat.com)

## پەراوێزەکان:

(١)-رەفعەت کوری حاجی احمد سـری کوری سـالحە، سـالی ١٩١٧ لە بەغداد لە دایک بووە، کوری ئەفســەرێکی سـونی بوو لە سـوپای عوسـمانیدا، وەک ئەفسـەر لە کۆلیژی سـەربازی دەرچووە تا گەیشـتۆتە پلەی عەقید لە سـوپای عیراقدا، دامەزرێنەری ئەفســەرە نەتەوەییەکانە کە لە شـۆڕشــی ١٩٥٨دا بەشـداریان کردووە، دواتر تۆمەتبارکراوە بە بەشـداری کردن لە بزوتنەوەی شەواف لە ١٩٥٩، فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووەو لە ٢٠ی ٩ی ١٩٥٩ لە بەغدا لە سێدارە دراوە. (بطاطو، ١٩٩٩: ٨٠).

(٢)-ناوی تەواوی عەبدولکەریم قاســـم محەمەد بەکر زوبیدیە، لە شـــاری بەغداد لە خێزانێکی هەژار لەدایک بووە، قوتابخانەی ســەرەتایی و دواناوەندی هەر لەبەغداد تەواو کردووە، بۆ ماوەی ســالێک لە نێوان ســالانی ١٩٣١-١٩٣٢ بۆتە مامۆســتا، ســاڵی ١٩٣٢ چۆتە کۆلیژی ســەربازی، لە ســاڵی ١٩٣٤ دەرچووەو بە پلەی مولازمی دووەم بۆتە ئەفســەری ســوپای عیراق، لە ســاڵی ١٩٥٥ گەیشـتوە بە پلەی زەعیم روکن، لە ٦ی کانونی دووەم ١٩٦٣دا بووە بە فەریق روکن، لەگەڵێک جەنگ و چالاکی سـەربازی وەک فەلەسـتین، فورات، بارزان، زێبار،...تاد بەشـداریکردووە، نیشـانەو مەدالیای ئازایەتی (وسـام الرافدین)ی وەرگرتووە، لەگەل عەقید عەبدولسـەلام عارف شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨یان ئەنجامداوە، بووە بە سـەرکردەی گشتی سوپاو سـەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگری، لەماوەی ئەو چوار سـال و نیوەی دەسـەلاتیدا کۆمەڵێک کاری باشــی ئەنجامداوە، لە ئەنجامی کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بەدەستی بەعسییەکان لە بەغدا کوژرا. (سابر، ٢٠٠٩: ١١٤٧).

(٣)-کۆنگرەی باکۆ: ئەم کۆنگرەیە لە باکۆی پایتەختی ئازەربایجانی سـۆڤیەتی لە (١-٨ی ئەیلولی ١٩٢٠) بەسـترا، تایبەت بوو بە گەلانی رۆژهەلات و ١٨٩١ نوێنەر لە گەلانی جیاجیا بەشـــدارییان تیادا کردبوو کە لەوانە ١٢٧٣ یان شـــیوعی بوون. بەســـتنی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

کۆنگرەی باکۆ بە یەکەم هەوڵدان دادەنرێت بۆ بڵاوبوونەوەی رێکخراوە مارکســـیەکان لە وولاتانی رۆژهەلاتدا، کە کاریگەری لەسەر جوتیارانی میزۆپۆتامیاو سوریاو لوبنانو نیمچە دوورگەی عەرەبی هەبوو، ئەویش بە هاندانی نەتەوەکانی ئەو نێوچانە بۆ شۆرش کردن دژی دەسەلاتداریتی بەریتانیاو فەرەنسا. سەرەتای درووست بوونی رێکخراوی ئەم بۆچوونە بۆ دوای درووست بوونی نێو نەتەوەیی ســـێیەم (کۆمێنتێرن) دەگەرێتەوە کە رێکخراوێکی زۆر دڵگەرم بوو بۆ بڵاوبوونەوەی بیری مارکســـیزمو دامەزراندنی پارتە کۆمۆنیستەکان لە رۆژهەلاتدا. (عومەر، ٢٠١٩: ٣٠)

(٤)-کۆمەلەی ئەهالی کۆمەڵەیەکی ســیاســی عیراقی بوو ســالی (١٩٣٢) دامەزرا، کە هەندێک لە مێژوونوســەکان بە کرۆکی کاری سیاسی دیموکراتی لە عیراقی نوێدا دەژمێرن، ئەم کۆمەلەیە لە دەستەبژێرێکی رۆشنبیری دەرچووی پەیمانگا بالاکان پێکهاتبوون. (السبع: ٢-٣).

(٥)-ئەو یەکێتیە نەتەوەییە بوو، کە لە نێوان کۆماری میسرو سوریا لە یەکی شوباتی ١٩٥٨ راگەیەندراو جەمال عەبدولناسر وەک سەرۆکی یەکێتیەکە هەڵبژێردراو لە ئازاری ١٩٥٨ دەستوری کاتی ڕاگەیاندو ئەم یەکێتیە بەردەوام بوو تا کودەتای سەربازی لە ســـوریا لە ئەیلولی ١٩٦١ روویداو بەمجۆرە یەکێتیەکە کۆتایی پێهات و ناوی کۆمارەکە مایەوە تا ســـاڵی ١٩٧١و لەســـەردەمی ئەنوەر سادات گۆڕا بە کۆماری میسری عەرەبی. بۆ زانیاری زیاتر بروانە (ابراهیم، ١٩٩٨؛ حرفوش، ٢٠١٤).

(٦)-پلانی تیرۆرکردنەکە لەلایەن حزبی بەعسەوە جێبەجێ کرا، لە کۆبونەوەی (١٩٥٩/١٠/١) سەرکردایەتی هەرێمی حزبی بەعس بەستراو تیایدا بڕیار لە پلانی تیرۆرکردنەکە درا، چەند کەسایەتییەک دەستنیشـانکرا لەوانە (عەبدولوەهاب غریری، عەبدولکەریم شـێخلی، ســەمیر عەزیز نەجم، حاتم حەمدان عەزاوی، ســەلیم عیســا زیبق، ســەدام حوســێن، ئەحمەد تەها عەزوز، دارێژەری پلانەکەش ئەیاد ســەعید ســابت بوو)، لە رۆژی ٧ی تشــرینی یەکەمی ١٩٥٩ لە کاتژمێر ٦ی ئێوارە پلانەکە جێبەجێ کراو قاســم بەسووکی بریندار بوو. (العاني، ٢٠١٧: ٢٤٨، ٢٤٩)، (عليوى، : القصة الكاملة لمحاولة فاشلة في اغتيال الزعيم عبدالكريم قاسم).

(٧)-ســەبارەت بە رەچەڵەکی عەبدولکەریم قاسم حەننا بطاطو لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە لە باوکێکی عەرەبی سونی و دایکێکی کوردی فەیلی شیعی لەدایک بووە. (بطاطو، ١٩٩٩: ٨٨).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021